www.tishbooks.com

# یەكەمین دەستووری نووسراو لە جیهاندا

## بەڵگەنامەیەكی گرنگی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ


نووسینی :

موحەممەد حەمیدوڵڵا

وەرگێڕانی لە فارسیەوە:

شوان هەورامی



١٤٢٨ كۆچی

٢٠٠٧ زایینی

ناوی کتێب: یەکەمین دەستووری نووسراو لە جیهاندا، بەڵگەنامەیەکی گرنگی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ

نووسینی: موحەممەد حەمیدوڵڵا

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شوان هەورامی

ژمارەی سپاردن: (٨٣٤) ساڵی (٢٠٠٧)

شوێنی چاپ: کۆمپانیای چاپو پەخشی نووسەر

نۆرەی چاپ: یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠٠٧

تیراژ: ١٠٠٠

لە بڵاوکراوەکانی: پرۆژەی (تیشك)، زنجیرە (٢٢)

ناونیشانی پرۆژە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت : www.tishkbooks.com

ئیمەیلی پرۆژە: info@tishkbooks.com
tishkbooks@yahoo.com

مافی لەچاپدانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ پرۆژەی تیشك

# بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## پێشەکیی وەرگێڕ

بێگومان هەروەکو چۆن سەرەتای مێژوو بریتییە لە سەرەتای تۆمارکردنی ڕووداوەکانی مرۆڤایەتی، هەرواش سەرەتای حکومەت و کارگێڕیی لە نووسینەوەی بەرنامەو ڕێکخستنی کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵگەکانەوە دەست پێدەکات.

ئێمە لەوانەیە چەندەها ئاماژەی مێژوویی لەبارەی یاساو فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتەوە بخوێنینەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە لە مێژووی پێش ئیسلامدا دەقێکی دەستووریمان لەبەردەستدا نییە، کە بەڵگە بێت لەسەر هەبوونی دەستوور بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کۆمەڵگەو شارستانێتیانەی کەدروست بوون. لەوانەیە لێرەدا ئەو پرسیارە بێتەئاراوە کە یاساگەلی وەکو میلە دۆزراوەکەی حامورابی و هاوشێوەی، ئەوە نیشان نادەن کە ئەو بۆچوونەی سەرەوە ڕاست نەبێت؟ لەوەڵامدا دەڵێین: نەخێر، چونکە یاسای حامورابی جۆرێکە لەیاسای سزادان کەئەوە بەشێکی بچووکە لە پرۆسێسی دەستووریی هەر وڵاتێکدا، دەستوور بە مانای بنەماو یاسای باڵا، نەریت و ڕەوش، فەرمان، مۆڵەتدان و ڕێگا دیاریی کردن بۆ چۆنییەتی بەڕێوەبردنی وڵات و دیاریکردنی ڕەوشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و داڕشتنی هێڵە گشتییەکان دێت.

کە ئاشکرایە ئێمە تێکستێکی لەو جۆرەمان لەبەردەستدانییە لەمێژووی کۆمەڵگەکانی پێش سەرهەڵدانی ئیسلامدا، جانووسەری ئەم کتێبە (دکتۆر موحەممەد حەمیدوڵڵا) بەتوێژینەوەیەکی زانستی ئەو ڕاستیەی باسکردووەو ئاماژەی بەوە داوە کەدەستووری مەدینە، کە لەسەر دەستی پێغەمبەری ئیسلام ﷺ دا نوسراوە، یەکەمین دەستووری نووسراوە کە لە جیهاندا دەرکەوتووەو وەکودەقێك لەسەرچاوە مێژووییەکاندا تۆمارکراوە.

لێرەدا نامەوێ بەم پێشەکییە باسەکانی ئەم دەستوورە دووبارە بکەمەوە، چونکە نووسەر زۆر بە جوانی بابەتەکانی خستووەتە بەر لێکۆڵینەوەی زانستیانەوە، بەڵام بەکورتی دەمەوێت لەبارەی ئاماژەکانی ئەم دەستوورەوە چەند خاڵێك بخەمە بەرچاوی خوێنەران:

١. لەم ڕۆژگارەدا زۆر باسی پێکەوەژیان دەکرێت و ئیسلام و موسڵمانان بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە ئەوانیتر ناخوێننەوەو جگە لە خۆیان ناتوانن لەگەڵ کەسانی تردا بژین، بێگومان ئەم دەستوورەی مەدینە بەشێوەیەکی ڕوون ئەم تۆمەتە پووچەڵ دەکاتەوەو شێوازی پێکەوە ژیان وەکو پێشڕەوو پێشەنگی ئاینی ئیسلام نیشانی دەدات ژیان لەگەڵ خەڵکانی ناموسڵماندا و ڕێز لێگرتن و بوونیان لەناو دەوڵەتی ئیسلامیدا بەجوانی دیاریی دەکات، بەدرێژایی مێژووش مانەوەی کەمینە ئاینی و مەزهەبییەکان لەجیهانی ئیسلامیدا بەڵگەیە لەسەر بێ بناغەیی ئەو تۆمەتە.

٢. ئەمڕۆ کە (١٤٠٠) ساڵ زیاتر بەسەر دەستووری مەدینەدا تێپەڕیووە، کەچی دەبینین زۆر لەکەمینە ئاینی و نەتەوەییەکان لەبەر بەرژەوەندیی زلهێزان ناویان لەدەستووردا ناهێنرێت. بەڵام دەبینین لەدەستووری مەدینەدا لەجیاتی ئەوەی بەماددەیەکی دەستووریی ئەرك و ماف بۆ هەموو تیرەو هۆزەکان دیاریی بکات، کەچی ئەو دەستەواژەیە زۆر دووبارە دەکاتەوە کەفلانە هۆز بەرپرس و پاسەوانی ناوچەی خۆیانن و لە خوێنبایی و سەربایی خۆیان بەرپرسیارن، ئەمە جوانترین نمونەی ڕێزو نرخ دانان و خوێندنەوەی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەیە لە ئیسلامدا.

٣. هەر هۆزو پێکهاتەیەك لەهەر جێگەیەکی جوگرافیدا پێکەوە بژین، بۆ خۆیان هەندێ تایبەتمەندییان هەیە، کە ئەگەر ئازادییان پێ بدرێت گەشەدەکەن و زیاتر دەبنە هۆی بەهێزبوونی خۆیان و ئەندامەکانیان، ئەوەتا دەبینین لەو کۆمەڵگە بچووکەدا پێغەمبەری خوا ﷺ جۆرێك لە مافی فیدراڵی داوە بە پێکهاتەکانی مەدینەو چواردەوری، کە

هەموویان بۆ خۆیان بەئازادیی ژیاون و هەندێ مافی گشتی گێڕاوەتەوە بۆ حکومەتی ناوەندو وردەکارییەکانی بۆ کارگێڕییە بچووکەکان بەجێهێشتووە، کە دیارە یەکێ لەگرفتە گەورەکانی کومەڵگەی مرۆڤایەتی هەر ئەم نەخوێنرانەوەیە بووە کە لەلایەنی دەسەڵاتدارانەوە مافی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان پێشێل کراوەو بۆ هەمیشەش گرفتەکان بەردەوام بوون.

٤. ئیسلام نایەوێت تاك لەکۆمەڵگەدا هەست بە بێهێزیی بکات، هەربۆیە دەبینین کۆچکردوو(مهاجر)ە پەرتەوازەکانی خەڵکی مەککە کەهەریەکە لە بنەماڵەو تیرەو هۆزێکی جیابوون و لەبەر خواو پێغەمبەرﷺ دەستیان لەژیان و داراییان هەڵگرت و بۆ مەدینە کۆچیان کرد، هەروەکو هۆزو تیرەکانی مەدینە، هەموو ئەوانی کردە یەك هۆزو وەکو یەکەیەکی کارگێڕیی باوی ئەو سەردەمە، ئەرك و مافی بۆ ئەوانیش دیاریی کرد، ئەگەر هۆزەکانی تر لەسەر بناغەی خزمایەتی پێکەوە بوون، ئەوا ئەمانە لەسەر بناغەی خۆشەویستی و برایەتی باوەڕداریی کردنیە خاوەنی قەوارەو کارگێڕیی تایبەتمەند بە خۆیان، کەئەمە یەکێکە لەسەروەرییە شۆرشگێرانەکانی ئیسلام کە کەسانی بێهێزو دەسەڵات و پەرتەوازە بەو شێوەیە دەکاتە خاوەنی هێزو تواناو قەوارەی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

٥. خاڵێکیتر کە زۆر گرنگەو مەخابن زانایانی ئیسلام کەمتر باسی ئەمەیان کردووەو نەیانکردوەتە سەرچاوە بۆ پەرەپێدانی ئابووری و گەشەکردن، بگرە زۆرجار بە پێچەوانەوە باسیان کردوە" ئەویش مەسەلەی دابینکردنی کۆمەڵایەتی (الضمان الاجتماعي)ە کە پێغەمبەری خواﷺ بۆکۆمەڵگەی مەدینەی دابینکرد، کەئەگەر کەسانێ بکەوتنایەتە ژێر قەرزی گەورەوە دەبوو لەبنەماڵەو تیرەو هۆزەوە هەتا حکومەتی ناوەندییش یارمەتی بدەن و ئەو تاکە بەوئازارو دەردە کۆمەڵایەتیەوە نەتلێتەوەو بۆی چارەسەربکەن. دەبوو یارمەتی لێقەوماوان بدەن بەهەموو شێوەیەك، جالەگەڵ ئەوەی ئەمە وەکو ماددەی دەستووریی هاتبوو، تاك و کۆمەڵی موسڵمانانیش لەسەر ئەم هاوکاریە پەروەردە دەکران، هەربۆیە زۆر بەجوانی دەچەسپێنرا. کەئەوەتا دەبینین ئەمڕۆ گەورەترین کارەساتی کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەم گرفتەیە کە تاك و کۆمەڵ ئاگایان لەیەکتر نەماوەو ئەوگیانە زۆر بێهێز بووە.

سەبارەت بە وەرگێرانەکەش، لەبەر جیاوازی ڕێنوسی کوردی و عەرەبی و فارسی لەکاتی نوسینی ناوو زاراوەکاندا، زۆرجار لەبەر ئەو جیاوازییە لە کەوانەی راڤەکردندا ناوو زاراوە عەرەبییەکەش دەنووسینەوە. بێگومان زمانی کوردی زمانی زاراوە نییە کە وشە بەرامبەر بە وشە وەرگێردرێت، یان هەندێ ووشەو زاراوە بۆ نمونە وشەیەکی وەکو (فدية) لەزاراوەی شەرعی و زمانەوانی عەرەبیدا مانای زۆر فراوانی هەیە کە بەناچاری لەو جێگایەدا کەباسی ئازادکردنی دیل دەکات بۆ (فدية) وشەی (سەربایی)م داناوە، کە بە دڵنیایی ئەو وشەیەی من بەشێك لە مانای وشەی (فدية) دەگرێتەوە، شتی تریش لەو بارەیەوە زۆرە لێرەدا ناتوانم باسیان بکەم.

هیوادارم وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆشاییەك لەکتێبخانەی کوردیدا پڕبکاتەوەو خوێنەرانی کورد زمانیش زیاتر لە پەیامی پێغەمبەری ئیسلامﷺ ئاگادارو شارەزا بکات، نەیارەکانیشی تێبگەیەنێ کە ژیرانە ئیسلام بخوێننەوەو بەئاماژەی زۆرێك لە کینە لە دڵانی خۆرهەڵاتناس کوێرانە خۆیان نەکەنە دووژمنی ئەم پەیامە ناوازەیە.

**شوان هەورامی**

**هەڵەبجەی شەهید**

**٩ی ڕەبیعی یەکەمی ١٤٢٨ك**

**٢٨ی ئازاری ٢٠٠٧**

## پێشەكیی وەرگێڕی فارسی

نامەی بەردەستت‌وەرگێرانی تویێژینەوەیەكی‌ووردو دەقی ڕێكەوتننامەیەكی سیٚ لایەنەیە كە مامۆستای پایەبەرز پرۆفیسۆر (موحوممەد حەمیدوڵلا) بەزمانی ئینگلیزیی نووسیوویەتی‌و شانازیی‌وەرگێڕانی بۆ زمانی فارسی بوویە بەشی نووسەر.

ئەم رێكەوتنامەیە كە مێژوو نووسێكی ئەڵمانی دۆزیویەتیەوەو گرنگی‌و نایابیەكەی دەرك كردووە، مایەی شانازی هەموو موسڵمانانەو ئەم میراتییە گرانبەهایە كە بە (یەكەمین دەستووری نووسراوی جیهان) ناونراوە بەهۆی پێغەمبەری پایەبەرز ﷺ ەوە ئامادەكراوەو نووسراوەو ڕێكخراوەو لەساڵی یەكەمی كۆچیدا كە شاری مەدینە بەگەیشتنی پیرۆزی ئەو حەزرەتە ڕازایەوەو تاجی رێزی كرایە سەر بە چاوپۆشی لەوەی كەلەنێوان سیٚ دەستەدا ڕێكەوتنی لەسەر كراوە وەكو دەستووری بنچینەیی لەژێر سەركردایەتی ئەو حەزرەتەدا نووسراوەو لەنێوەڕۆكیدا دابینكردنێكی كۆمەڵایەتی بوو بۆ هەژارانی ئەو شارە. پێشەكییە جوانەكەی مامۆستا حەمیدوڵلای نووسەر لەدرێژ كردنەوەی قسە ڕزگاری كردووین نامەوێت هزری خوێنەران بەراڤەی زیادە سەرگەرم بكەم. هیوادارم خوێنەران‌و بەتایبەتی نەوەی نویٚ بە وورد بوونەوەی هەرچی زیاترەوە لە خوێندنەوەی ئەم نامەیە بەهرەمەند ببن‌و لەم شانازیی بەدەست هێنانە هەست بە سەربەرزیی بكەن.

**تاران**

**شەهریوەری ١٣٥٦ك٠ه**

**ڕەمەزانی ١٣٩٥ك**

**سەید غولامرزا سەعیدیی**

## پێشەکیی نووسەر

یەکەمین دەستووری نووسراوی جیهان، کە لە لایەن سەرۆکی حکومەتێکەوە دانرابێ، هەر ئەو دەستوورە نووسراوەیە کە بەهۆی کەسایەتیەکی وەکو حەزرەتی پێغەمبەر(ﷺ)ەوە پێشنیازو ڕێکخراوەو نوسراوە، بوونیشی مایەی شانازی موسڵمانانە، نەوەی نوێ دەبێ ئەو دەستوورە بناسن، یەکەمین هۆکارو پاڵنەر کە منی هاندا بۆ ئامادەکردنی ئەم نامەیە هەر ئەم هۆیە بوو.

حکومەتە ئیسلامیەکان پاش ئەوەی دووبارە سەربەخۆیی سیاسی خۆیان لەسێ کیشوەرەکەی جیهانی کۆندا بەدەست هێنایەوە بێگومان ئەرکی سەرشانیانە کەسەرگەرمی یاسای دڵخوازی خۆیان بن.هیچ ئاراستەیەك بۆباری ئێستاوهیچ بەرنامەو پێشنیازێك بۆ داهاتوو تەواو نابێت مەگەر ئەمەی خاڵ و تێبینی سەردەمی ڕابووردوو سەرنج بدەن وسوودی لێ وەر بگرن.

یەکەمین بازنەی مێژووی ڕابردووی یاسادانان لەئیسلامدا بەبێ گفتوگۆ دوو دڵی، سەردەمی ژیانی پێغەمبەری پایەبەرزە (ﷺ). کە سەرەتاو سەرچاوەی ئەسڵی بووە بۆ یاسا لە ئیسلامدا، بەڵام هەر قۆناغ و سەردەمێك دەبێ بەجیا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ‌و سوودی لێ‌وەربگیرێت. بەم هۆیەوە من چەندەها ساڵ لەمەو بەرەوە سەرگەرمی توێژینەوە بووم‌و لەزانکۆی ئیستانبوڵدا لەم بارەیەوە کۆنفرانس پێشکەش دەکەم، هەر ساڵێکم تایبەت کردووە بەسەردەمی یەکێك لەخەلیفەکانەوە. ئەم خوێندنەوەو توێژینەوەیە دەساڵی زانستی (ئەکادیمی) درێژەی کێشاوەو لەساڵی ١٩٦٠دا گەیشمە کۆتایی سەردەمی ئومەوی.

بۆ بڵاوکردنەوە یان سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی ئەم لیکۆڵینەوە کەمە هۆکاری تریش لەکاردایە، ئەوەش بەم شێوەیە کەئەم فرسەتە بەهەل دەزانم هەتا وەڵامی ئەو گومان‌و پرسیارانە بدەمەوە کەلەوانەیە لەلایەن خوێنەرانەوە بکرێت‌وبڵێن ئەم بەڵگەنامەیەباوەکو لەلایەن پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ)ەوە دەرچووە بەڵام ناکرێ یەکەمین نمونە لەجۆری خۆی بێت لەجیهاندا.

تاجێگەیەك زانیاریی ئێستای من بڕ دەکات ئاوەها دەقێك لەمێژووی جیهانداو پێش ئەم بەڵگە نامەیە بوونی نەبووە. نووسراوی (سولن) لەشاری ئەسینادا ناکرێ وەکو یاسای نووسراو وەربگیرێت. چونکە سولن فەرمانڕەوا یاپاشایەك نەبوو بەڵکو ئەندامێ بوو لەئەنجوومەنی دەسەڵاتدارو ئەو گۆڕانکاریی یاسای پێشنیاز کرد کە پەسەندکراو ئەنجوومەنی دەسەڵاتداری شاری ناوەند (پایتەخت) ئەسینا ئەوەی کردە کردار بەڵام ئێمە نازانین کە ئەم گۆڕانکارییانە بەشێوەی نووسراوێك ڕێکخرابوو یا نە؟ بێگومان ئەم ماددانە وەکو یاسایەکی کۆکەرەوە کە بتوانێت دەوڵەتێك بەڕێوە ببات‌و ڕێکی بخات نەنووسرا.

یاسای بنچینەیی ئەسینا[1] دانراوو ئامادەکراوی ئەرەستۆ لە دەستی ئێمە دایە بەڵام یاسا نییە، بەڵکو مێژووی پێگەیشتنی ئەسینایە کە بە هۆی وەزیرێکەوە نووسراوە. یاسای (چاندرا گوپتا)[2] ی ئیمپراتۆری بوزیی هیند کە هاوچەرخی ئەرەستۆ بووە کەسێکە بەناوی (گوتیلیا)[3]ونوسراوێکی بە ناو نیشانی یادگاری بۆ نەوەی داهاتوو لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە بەناوی (ئارتا ساسترا)[4](یا ئابووری سیاسی)و ئەم نوسراوە بۆ ئینگلیزی و ئەڵمانی و ڕووسی‌و ژاپۆنی‌و زمانی تریش وەرگێڕدراوە، بەڵام ئەم نووسراوە زیاتر لە (الاحکام االسلطانیة)ی دانراوی ماوەردی‌و ئەبویەعلا دەچێت.

---

.[1] -The constitntion of Athens

[2]- Chandra Gupta

[3]– Kautilya

[4]– Artha Sastra

هەروەها هاوشێوەی (غیاش الامم)ی دانراوی ئیمامولحەرەمەینی جوەینی یە... هەروەها لە ڕووی پێوانەو ڕێژەوە زیاتر لە توێژینەوەو لێکۆڵینەوە دەچێت هەتا یاسا.

لەم ڕووانەوەو بە سەرنجدانی ئەم هۆکارانە من ئێستا بڕوام وایە کە دەقی نووسراوەکەی سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام ﷺ ئەمەی کە ئێستا لەبەردەستدایە بۆ خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە کۆنترین نموونەیە لەجۆری خۆی لەمێژوودا.

بەڵێ، نابێ ئەم خاڵەش لەبیربکەین کەئەم بەڵگە نامە نووسراوە لەلایەن کەسێکی نەخوێندەوارەوە دەرچووە.

**موحەممەد حەمیدوڵلا**

**پاریس - ئیستانبوڵ**

**١٩٦٨ز- ١٣٨٨ك**

## دەستپێك

بەچاوپۆشی لەگەلانی خاوەن شارستانی، بگرە کێوی (وحشی)یەکانیش بۆ حکومەت و بلاوکردنەوەی دادپەروەری و بەرێوەبردنی دادوەریی خاوەنی سیستەم و بنەمای نەگۆڕن بۆ خۆیان و هەتاوەکو بە دەسەلاتترین وخۆسەپێنترین فەرمانڕەوا خۆی دەخاتە ژێر دەسەلات و مەودای ئەو بنەمایانەوە، بە شێوەیەکی گشتی دەبێ بڵێین: کاتێ کە ئەم جۆرە بنەماو یاسایانە بەشێوەی نووسراو کۆکرایەوە، پێی دەگوترێت پەرتووك (کتێب)، (بایبل) (bible) و سکریپچر (scripture) بەمانای کتێبە.

قورئانی پیرۆزی خۆمان (کتاب الله) بە کتێبی خوا ناوبراوە.

شو – کینگ (Shu-king) نووسراوی (کۆنفۆ شێوس)یش بەمانای کتێبە ئەگەر چی بنەماو یاساکانی هەر وولاتێ کەمو زۆر بە شێوەی نووسراو دەست دەکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای گەڕانی ووردو نهێنی کە کردووما نەمتوانیوە پێش سەردەمی پێغەمبەرﷺ لەهیچ وولاتێکدا نمونەیەك دەستخەم بەجوانیی و جیاواز لەیاساگەلی ئاسایی بە شێوەیەکی نوسراو دەرهێنرابێت.

درووستە کە مانۆسمیرتی ( Manu Smirti۵۰۰ساڵ پێش زایین) ئەرك و کارەکانی پاشا باسدەکات و ئارتا ساسترا (Artha Sastra) (زانستی سیاسەت) دانراوی کۆتیلیا (kautilya) (سێسەد ساڵ پێش زاین)و کتێبەکانی ئەرەستۆ یاسای ۱۵۸دەوڵەتی ناوەندیی هاوچەرخی لەوانە هیندستان ڕاڤە دەکات.

لەنێو ئەو هەموو نامانەی ئەرستۆدا تەنها ئەسینا گەیشتووەتە دەستی ئێمە، ئەم نامەیە کە لەسەر (پاپیرۆس) نووسراوە چەند ساڵێ لەمەوبەر لەمیسردا دۆزرایەوەو لەساڵی۱۸۹۱دا بلاوکرایەوە. ئەم نامەیەبە ئینگلیزیی و زمانەکانی تر وەرگێڕاوە، بەلام ئەم جۆرە نووسینانە یابە شێوەی دەق و دەقی کتێب یان بەشێوەی ئامۆژگاریی نامەبۆ میران و شازادەکان یان بەشێوەی باسی مێژوویی یاسای بنچینەیی هەندێك لەشوێنەکان هاتووە، هیچ یەکێ لەم نووسراوانە نرخ و شایستەیی ئەوەی نییە کە وەکو بەڵگەنامەو سەرچاوەوسەرەتای یاسای دەوڵەت بناسرێت کەلەلایەن دەسەلاتداری ولاتێکەوە رێکخرابێ و نوسرابێتەوە، بەلام دەستوور یارێکەوتنامەی ئێمە یەکەمین نموونەیە لەجۆری خۆی لەجیهاندا. لەساڵی یەکەمی کۆچیدا واتە یەکەمین ساڵی کۆچی پیغەمبەرﷺ لە مەدینەدا ڕەشنوسی ئەو پێشنیازەی ئامادە کردبوو لەوەدا لەگەڵ ماف و ئەرکەکان و بەڵێنی دەسەلاتدارو هەروەها لەبارەی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ترەوە (لەوانە جۆرێك دابینکردنی کۆمەلایەتی بۆ هەمووان) باس کرابوو. خۆشبەختانە هەمووی ئەم بەڵگەنامەیە وشە بە وشە بەهۆی (ئیبنو ئیسحاق)و (ئیبنو عوبەید)ەوە لە کتێبەکانیاندا تۆمارکراوەو هەمان باسە کە لێرەدا پێشکەش دەکرێت.

ئەم بەڵگەنامەیە لە پەنجاو دوو ڕستەدا کۆکراوەتەوە، یان بە زاراوەی دادوەری (قضائی) خاوەنی پەنجاو دوو برگە یان پارچەیەو نموونەیەکی زۆر گرانبەهایە لەبارەی زمانی دادوەری و مافزانی و شێوازی نوسینی بەڵگە نامە لەو سەردەمەدا. گرنگی ئەم بەڵگەنامەیە دیان (مەسیحی)ەکانی ئەوروپا زیاتر لەمێژوونوسانی موسڵمان هەستیان پێکردووە. سەرباری (ویلهوزن)، مۆلەر، گریم، شپرینگر، ونسینگ، کیتانی و بوهل[1] (سەیری سەرچاوەو بەڵگەنامەکانی کۆتایی کتێبەکە بکرێت) و ئەوانیتر مێژوونووسێکی ئەڵمانی لە نێوەرۆکی مێژووی کورتی جیهاندا بە پێویستی زانیوە، ئەوە بە ڕاڤەیەکی کراوەو درێژ لەو کتێبەدا باسدەکات.لێرەدا چونکە باسی تێبینییەکانی نووسەرانی ئەڵمانی و هۆڵەندی و ئیتالی و ئینکلیزی و ئەوانیتر پێویست نییە،لەبەر ئەوە بڕوای کەم مایەی خۆم لەم بارەیەوە بەشێوەی ڕاڤەی خوارەوە پێشکەش دەکەم.

---

1– Welhausen , Muller , Grimme , Sprenger , Wensinck , Caitani , Buhl.

پێش باسکردن لە بارەی ناوەڕۆکی بەڵگەنامەی جێی باسمانەوە پێویستە زەمینەی مێژوویی و بارودۆخ و ئەو حاڵەتو، بەشێوەیەکی تر بڵێین. ئەو هەلومەرجەی کەئەم بەڵگەنامەیە لە چوار چێوەیدا بلاوکراوەتەوە پێویستە باس بکری و دیاری بکرێت.پێغەمبەرﷺ لەشاری مەککەی پیرۆزدا دەستی کردە بانگەواز چالاکی چاکسازییانەی دەست پێکرد، بەدەستەواژەیەکی تر گۆڕانکاریی لەبیروباوەڕو کاری نەوەی ئەو ڕۆژەدا گرتە ئەستۆ، لەسەرەتای کاردا کارەکانی بەڕێزییان هاوشاریەکانی خستە سەر سوڕمانەوەو پاشان کەوتە بەر بێ ڕێزی ئەوانەوەو لەسەرئەنجامدا لەگەڵ دژایەتی و دووژمنایەتی ئەواندا ڕووبەڕوو بووەوە.

ئەمەی کەپەیامی ئەو حەزرەتە لەهەمان ڕۆژی یەکەمەوە ڕەهەندی گشتی و جیهانی هەبووە دەری دەخست کەبەم زوانە لە سەرانسەری جیهانی دەرکەوتووی ئەو سەردەمەدا،بەتایبەتی لە دوو ئیمپراتۆریەتی ئێران و ڕۆم (بێزەنتی)دا بەئاسانی ڕەواج پەیدا دەکات،بەئاشکرا ڕۆشن و هەست پێکراو بوو.چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ بانگەوازو ئامۆژگارییەکانیشیدا بەرژەوەندیی چاکەی ماددیی خەڵکی پێشبینی دەکرد و بەڵێنی سەرکەوتنی بەسەر ئەم ئیمپراتۆریەتانەدا دەدا، بەڵام لەو ڕووەوە کەسایەتی پیرۆزیان لاوترین ئەندامی یەك هۆزی تاڕادەیەك بێ نەواو بێ توانا بوو، ئەستەم بوو وەکو ڕابەرێك قبوڵ بکرێت.

بێگومان پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ تائیف و مەدینەدا پەیوەندی خزمایەتی هەبووە[1] هەر ئەوانیش بوون کە بەڵێنیان بەو حەزرەتەو هاوەڵانی دا کە لە کاتی کۆچکردنیاندا بۆ مەدینە بەڵێنی یارمەتی و پەنادانیان پێدا.

حاڵ و باری موسڵمانان لە مەککە لەتوانادا نەمابوو بەم مانایەی سەرباری دووژمنایەتی هەمەلایەنە، ئەشکەنجەی جەستەیی هەڕەشەی لە زۆربەی باوەڕداران دەکرد، بەم شێوەیە موسڵمانانی مەککە دەستیان کرد بە دەست هەڵگرتن لە ماڵ و وولاتیان و بەرەو مەدینە کەوتنەرێ، "مەککە"ییە ناموسڵمانەکان ترسان کە نەوەکو ئەم دەستە لە کۆچکردووان لە دەرەوە بۆتۆڵە سەندنەوە چەکدار بکرێن و هێرش بکەنە سەر مەککە، بەم شێوەیە بڕیاریاندا ماڵی پێغەمبەرﷺ گەمارۆ بدەن و لەشەودا ئەو حەزرەتە بکووژن، ویستی خوای گەورە بە جۆرێکی تربوو بەو مانایەی کە حەزرەتی عەلی گەورەترین کاری مرۆییانەو جوامێرانەی نیشانداو لەجێگەی ئەو حەزرەتەدا نووست و پێغەمبەرﷺ بە نهێنی لە مەککە بەرەو مەدینە کۆچی کرد و بەسەلامەتی گەیشتە مەدینە، خەڵکی مەککە لە حاڵەتی تووڕەیدا ماڵ و موڵکی پێغەمبەرﷺو دارایی کۆچکردووانی تریان بەزۆر زەوت کرد[2]،کۆی باوەڕداران لەم کاتەدا بە زەحمەت دەگەیشتە چەند سەد کەسێ لەکاتێکدا کە دانیشتوانی مەدینە لەوکاتەدا لە نێوان پێنج تا دە هەزار کەس مەزەندە دەکرا لە کاتێکدا نیوەی ئەم دانیشتوانە جولەکە بوون.

شاری مەککە لەوکاتەدا وەکو شارێکی پایتەختی ڕێکخراوی لێ هاتبوو کە لەوێدا بیست و پێنج فەرمانگەی گشتی پەیوەندیدار بە فەرمانگە جیاوازەکانی وەکو سوپایی و فەرمانگەی کاروباری ماڵی (دارایی)و کاروباری پەرستگاو کاروباری دەرەوەو کاروباری دادوەریی و هاو وێنەی تریشی تێدابوو. باسی دوورو درێژ لەبارەی ئەم سیستەمانەم لەسەر کاغەزێك نووسی و لە کۆنفرانسی خۆرهەڵاتناسان لە (تری واندوم)دا خوێندمەوە[3]. شاری مەدینە بەپێچەوانەی بارودۆخی مەککە حاڵەتی کێشمەکێش و سیستەمی خێڵەکی تیایدا دەسەڵاتداربوو. بەم شێوەیە ئەگەر بەشی عەرەبی دانیشتوان بە دوانزە هۆزی ئەوس و خەزرەج دابەش دەبوو، جولەکەکان بە دە هۆزی بەنو قەینوقاع و بەنو نەزیر (بنو نضير)و بەنو قورەیزە (بنو قريظة) دابەش دەبوون و وەکو کڕیارو لایەنی مامەڵەی هۆزەکانی عەرەبی ناوخۆ لەوێدا دەژیان.

[1] معارف ابن قتبية، ل٤٣ ودلائل الذبوة ابو نعيم . بەشی بیستەم.

[2] – صحيح البخاري (مبسوط)، السرخسي ابن هشام.

[3] سەیری گۆڤاری (ئیسلامیك کەڵچەر) چاپی حەیدەر ئاباد، دکن ساڵی ١٣٩٨ بکرێت.

لەسەدەکانی پێشووەوە دووبەرەکی و دووڕوویی لە ناو ئەواندا فەرمانڕەوایی دەکرد. هەندێ لە عەرەبەکان کە لەگەڵ هەندێ لە جولەکەکاندا یەکێتیان هەبوو، لەگەڵ دەستەیەکی تر لە عەرەبی تردا دووژمنایەتییان هەبوو، ئەوانی تریش لەگەڵ جولەکەکانی تردا یەکیان گرتبوو لەحاڵەتی جەنگ و ململانێدا لەگەل یەکتر دەژیان. ئەم جەنگ وململانێ بەردەوامە هەردوو دەستەکەی ماندوو کردبوو.[1] ئەگەرچی هەندێ کەس هەبوون دەیانەویست بەهۆی یارمەتی وەرگرتن لەقوڕەیشی مەککە دەسەلات بەدەست بهێنن، بەلام گرووپە ئاشتیخوازەکانی مەدینە زۆر بەهۆشیاری و خۆپارێزییەوە ڕەفتاریان دەکردو نەخشەیان دانابوو کە (عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی کوڕی سەللول) وەکو شا هەڵبژێرن، تائەو جێیەی بەووتەی بوخاری و ئیبنوهیشام وئەوانیتر خەریك بوو تاجێکیان درووست دەکرد تالەکاتی مەراسیمی تاج لەسەر ناندا ئامادەبێت.

درووستە کە پێغەمبەرﷺ کاتی گرێدانی پەیمانی (عەقەبە) دوانزە کەسێتی موسڵمانی وەکو نوێنەر لەنێو دوانزە تیرەی هەڵبژێردراودا دیاری کردبوو یەکێکیشی بەسەرۆکی هەڵبژێردراوان (نقیب النقباء) ناونابوو، بەم شێوەیە دەیەویست هەتا ناوەندێکی هێز درووست بکات بەلام سەرەڕای ئەم بابەتە هەر هۆزێك دەسەلاتی سەربەخۆی بۆ خۆی هەبوو، کارەکانی خۆی لەژێر کەپر (سقیفە)ی خۆیدا باس دەکرد، هەروەها لەشاری مەدینەدا ڕێکخراوی شارەوانی بوونی نەبوو. بەهۆی هەوڵ و چالاکی بانگخوازانی پەروەردەکراو ژمارەیەکی بەرچاو لەخەڵکی شار لەماوەی سێ ساڵدا موسڵمان بوون، بەلام هێشتا مەسەلەی ئاینزا (مذهب) لەوێدا بەمەسەلەیەکی تایبەتی و ناوخۆیی سەیر دەکراو شێوەی سیاسی وەرنەگرتبوو تاجێگەیەك کەسانێ بەهەبوونی ئاینزا جیاوازەکان لەیەك ماڵدا پێکەوە دەژیان. لەئاوەها هەلومەرجێکدا بوو کەپێغەمبەری خوا ﷺ چوویە مەدینەوەو ئەم مەسەلانەی خوارەوە دەبوو لەبەر پێویستیی چارەسەر بکرایە:

١. دیاری کردنی ماف و ئەرکی کەس (خود)ی پێغەمبەری خواﷺو هەروەها ماف وئەرکی دانیشتوانی هاوشاریی (واتە: ناوخۆ).

٢. ڕێکخستنی بارودۆخی نیشتەجێ کردنی کۆچکردووانی مەککی.

٣. لێکگەیشتن لەگەڵ ناموسڵمانانی شارەکە، بەتایبەتی جولەکەکان.

٤. پێکهێنانی کاری ڕێکخستنێکی سیاسی ومیکانیزمێکی بەرگری لەشار.

٥. دابین کردنی بژاردنەوەی زیانە گیانی و داراییەکانی کۆچکردووان، کەبەدەستی قورەیشی مەککە ڕوویدابوو.

بەسەیرکردنی ئەم ئامانجانەوبەرەچاوکردنی ئەم مەبەستانە، پێغەمبەری خواﷺ چەند مانگێ پێش چوونە ناو مەدینەوە نەخشەیەکی ئامادە کردبوو کە کتێب یان ڕووپەڕە (صحیفة)ی پێدەوترا، ئاشکرایە ئەم بەرنامەو ڕەشنووسە دوای ڕاوێژ لەگەڵ کەسانی پەیوەندیدار نووسرابوو.دەبێ ئەوەوەبیر بهێنینەوە کەیاسا گشتی و کۆگر(کلی)ەکانی وولات واتە سوورەتەکانی کۆتایی قورئان بەهاتنە خوارەوەیان بەشێوەی نوسراو ڕێکدەخراو تۆمار دەکرا.ئەوەش کە ووتەو ڕێنماییەکانی ئەوزاتە بوو (بەلایەنی کەمەوە لەسەرەتادا) نەدەبوو بنوسرێ، چونکە نووسینی ئەوانەی قەدەغە کردبوو. هەروەها ئەمەش کەسەرەڕای ئەم فەرمانی قەدەغەیە، بەڵگەنامەی باسکراوو نوسراوە زۆر جێگەی سەرنجەو ئەو بەڵگە نامەیەی کە ئاماژەی پێ کرا کە کتێب یا نامەو نامیلکەی پێدەوترا، بەمانای کارنامە یا فەرمانی ئەرك وچالاکی بوو. لەڕاستیدا ئەم بەڵگە نامەیە لەجێگەی ڕاگەیەنراویکدایە کەشاری مەدینە بۆ یەکەمین جار وەکو شاری پایتەخت دەناسرێ و لەم شارەدا سیستەمێك بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار دانراوە.هۆبس و ڕۆسۆ وزانایانی سیاسی، ڕێکەوتننامە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان دەسەڵاتداران و ژێردەستەکانیانیان بەسەرەتای درووستکردنی دەوڵەت زانیووە، کەنمونەی بەکردەوەی ئەم بابەتە لە بەڵێننامە

1 – ابن هشام، ابن سعد، ابن حنبل و بخاري.

(بیعة)ی عەقەبەدا دەبینرێت. بەهۆی ئەمەوە کەلەناو ئەم ڕێکەوتنەدا خەڵکی مەدینە پێغەمبەری خواﷺ یان وەکو ڕابەری خۆیان قبوڵکردو لەو حەزرەتە داوایان کرد تابۆ ناوچەی ئەوان بچێتو ڕازی بوون کەلە غەم (سەختی)و شادیدا فەرمانەکانی جێ بەجێ بکەن.لەم ڕووەوەیە بەڵگەنامەی ناوبراو لەجۆری ڕێکەوتننامە نەبوو، بەڵکو وەکو دەستووری کارکردنو ڕاگەیەنراو بلاو کرایەوە، هەرکەسێ دەزانێ وشەی (کتاب) بەمانای نووسراوی دەستووری کارو فەرمان دێت.

بۆنموونە لە ئایەتی (إِنَّ الصَّلاَةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَاباً مَّوْقُوتاً) (النساء: ١٠٣)، واتە: (بێگومان نوێژ بۆ باوەڕداران فەرمانێکی دیاری کراوە بۆ کاتە دیاریکراوەکان)، مەبەست ئەوەیە کەلەم ئایەتەدا (کتاب) بەمانای فەرمان بەکارهێنراوە.

(كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَاباً مَّوْقُوتاً * وَلاَ تَهِنُواْ فِي ابْتِغَاء الْقَوْمِ إِن تَكُونُواْ تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا تَأْلَمونَ وَتَرْجُونَ مِنَ اللّهِ مَا لاَ يَرْجُونَ وَكَانَ اللّهُ عَلِيماً حَكِيماً * إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِمَا أَرَاكَ اللّهُ وَلاَ تَكُن لِّلْخَآئِنِينَ خَصِيماً) (النساء : ١٠٣. ١٠٥).

پیغەمبەری خوا (ﷺ) کە عاشقی ئاشتی و کاری ڕێکخراو و ڕازاوەو یەکڕیزیی بوو، بۆ چاکسازیی هەلومەرجی ڕاکردن لە ناوەند – کە لە عەرەبستانی ئەو ڕۆژەدا بە گشتی و لە شاری مەدینەدا باوی هەبوو – ڕێگە چارەیەکی دانا ئەو دەستەواژەیەش هەمان درووشمە کە ووتوویانە " یەك دەسەلاتدارو یەك یاسا ".

فەرمانەکان (احکام)ی کۆکردنەوەی زەکاتوحەج کەدواتر بۆ خەڵکی مۆڵەتی کردەوە هەتا لەژێر چاودێری هاوبەشدا کۆببنەوەو بەهۆی ئەو هێزانەی کەدەدرێت بەحکومەتی ناوەندیی یاسا دابنێنو باج لەهەمووانوەربگرن، هەروەها بەهۆی سەردانو ڕوکردنە یەك ڕووگە (قبلە)ی هاوبەش کۆببنەوە، تائەم مێژووە (بۆ کۆکردنەوەیان) هێشتا نیگا (وحی) نەهاتبوو. بەلاّم ڕەوش و فەرمانەکانیوەکو باوەڕ بەخوای تاكو گوێڕایەڵی لەفەرمانەکانی یەك پێغەمبەرو ئەنجامدانی نوێژی بەکۆمەڵ کەبەشێوەیەکی زیندوو جوان بوونو کاریگەریی بەبیروباوەڕو کردەوەی ئەوان بەخشیبوو.

لەم کاتەدا ئەم یاسا نوێیەی شار. ئەگەر نەڵێین پایتەختی هەموو عەرەبستان دەڵێین بەلایەنی کەمەوە بۆ شاری مەدینە. ئەو فەرمانە زۆر گرنگو شۆڕشکێڕانەو پڕ لەچاکسازیی بوو، گۆڕانکاریو گۆڕینێکی گەورەی لەگەڵدا هات، تائەمەی خەڵکی بەپێی ئەوە بۆ قبوڵکردنی یاسای ناوەندیی گشتی ئامادە بکات، تا لە جیاتی ئەوەی هەرکەسێ بۆ جێبەجێ کردنی دادپەروەری بەدەستی خۆی یان بەدەسەلاتی بنەماڵەکەی لە گەڕاندابێت بۆ دادپەروەری، لەدەسەلاتی حکومەتی ناوەندیی سوود وەرگرێت، ئەم داهێنانە گرنگەی سەدەو سەردەمی نوێ، لەهەمان بەڵگەنامەدا کەبۆ هەمیشە قەیرانوکێشمەکێشی هۆزەکانی کۆتایی پێهێناو بوویە بناغەیەك بۆ ڕێکوپێکیو یاسای بەرفراوانتر. واتە دامەزراندنی دەوڵەتی جێگیرو چەسپاو، هاتووەو تۆمارکراوە. لەم بەڵگەنامەیەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرزترین لایەنی هێزی سزاو یاساو ڕاپەڕاندنی بۆخۆی دابین کرد، بەلاّم جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ئەم دەسەلاتەو دەسەلاتە پاشایەتی وخۆویستەکانی وولاتانی تردا هەبوو. بەم مانایەی کەلەم دەسەلاتەدا هێزودەسەلاتی خۆسەپێنو خودسەری ماددی ڕۆڵێکی نەبوو.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕەگەزە ئەخلاقیەکانی لەسیاسەتدا بەشدارکرد، چونکە خودای بەسەرچاوەی هێزو خۆیشی بەپێغەمبەرو نوێنەری ئەو ناساند، هاوتەریب لەگەڵ ئەمەشدا مانای فەرمانو ئەو ڕێو شوێنانەی کەبۆ خەڵکی ڕادەگەیاند بەسەر خۆیشیدا بەیەکسانی جێبەجێ دەکراو بەوشێوەیەی دەناساند، بەدەستەواژەیەکی تر خۆی هەروەکو هەمووکەسانی تر، لەژێر ئەو بڕیارانەدا دەناساند، بەسەیری چەند نمونەیەکی جۆراوجۆر لەنیمچە لادانەکان کەلەدژی خۆیشیو لە ژیانی خۆیشیدا ڕایدەگەیاند دەتوانین بڵێین کەئیسلام تیۆر یا ئەو گریمانەی کە

دەڵێت (فەرمانڕەوا ناتوانێت هەڵەبکات) ڕەتدەکاتەوە. لەوجێگەیەوە کەبەدەسەڵاتترین کەسایەتی لەدەوڵەتدا نەیدەتوانی بەویستی خۆی و بەپێچەوانەی یاساوە کارێك ئەنجام بدات‌ویاسا شکێنی بکات، کاربەدەستانی تر بێگومان بەشێوەی گشتی‌وخەڵکیش بەچاودێری زیاترەوە ئاگاداری کارەکانی خۆیان بوون، هەتا لەیاسا لا نەدەن.

## شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەم بەڵگەنامەیە

ئەم بەڵگەنامەیە دووبەشی دیاریکراوی هەیە. لەبەشی یەکەمدا جگە لەڕستەی نزا (دعا)و پیرۆزکردنی (بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ) بیستوپێنج ڕستەیە کە (ویلهوزن) بەبیستو سێ ڕستەی داناوەو ئەم جیاوازیەش لەوەوە دروست بووە لەژمارەدا پەیڕەوی لەنوسەرانی ئەورووپی کردووە، منیش لەبەر بەرژەوەندیی هەر ئەم بیستوسێیەم داناوە تا کەسانێ کە ماددەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیەیان وەکو ئەورووپاییەکان وەرگرتووە هزریان پەرێشان نەبێت، لەگەڵ ئەم ئەندازە جیاوازییەدا کەمن هەندێ لەڕستەکانم بەهۆی پیتی (ئەلف)و پیتی (ب)وە کردووە بەدوو بەشەوەو بەم شێوەیە یەکەمین بەشی بەڵگەنامەکە بەشێوەیەك دەرکەوتووە کەخاوەنی بیستوپێنج ڕستەیە. بەشی دووەم کەوتووەتە نێوانی ڕستەکانی ٢٤و٤٧ بەڵام دەبێ بۆ سێیەمین جار بەشێوەی ڕستەی جیاو بەشێوەی دابەشکرانی وردتری لێ بێت.

بەژماردنی من ئەم بەشە لەڕاستیدا پێکهاتووە لەبیستوحەوت ڕستەو بەم شێوەیە هەموو بەڵگەنامەکە پێکهاتووە لەپەنجاودوو ڕستە، بیستوسێ بڕگەی یەکەم ئەو یاسایانەن کەپەیوەندیان بەکۆچکردووان (مهاجرین)و پشتیوانان (انصار)ی مەدینەوە هەیەو بڕگەکانی تر لەبارەی ماف وبەڵێنی هۆزەکانی جوولەکەی مەدینەوە باسدەکات.

لەهەردوو بەشدا یەك ڕستە دووبارە بووەتەوە کەباس لەوە دەکات لەدوا قۆناغدا دادوەریی کۆتایی کەسایەتی پێغەمبەر ﷺ دەیکات.

بەڵێ، هەتا ئەو جێیەی ئەم بارە واتە ڕازیبوون بەخۆ دانە دەست دەسەڵاتو ڕابەرایەتی پێغەمبەر ﷺ بەبێ مەرج سەبارەت بەکۆچکردووانو پشتیوانان گرفتێکی تێدا نییە، بەڵام بۆکەسێ کەبیەوێ تێبگات کەچۆن ئەو هەموو چینو توێژە ناموسڵمانە توانیویانە پیاوێکی تازە هاتووی بێگانەی ئەو سەردەمە چەند هەفتەیەك دوای هاتنی بەم شێوەیە پێشوازیی بکەنوئەو هەموو دەسەڵاتەی بدەنێ، ئەوەندە ئاسان نییە. بەچاوپۆشی لەمەی کەعەرەبەکان بەشێوەیەکی گشتی لەکاتی دووبەرەکی خۆیاندا بۆ لای بێگانەکانوەکو (کاهینودادوەرو ئەوانی تر)دەچوون، تائەو جێیەی کەپەیوەندی بەعەرەبەکانی مەدینەوە هەبوو تاڕادەیەك وەڵامەکە جێی ڕازیبوونەو دەکرێ بوترێ کە چوون تائەو سەردەمە ڕێکخراوێکی هۆزایەتی لەنێو ئەواندا باوی هەبوو، هەروەها چونکە پیاوانی بەتەمەن موسڵمان بووبوون، خەڵکانی لاوتر باوەکو ئاینی پیرەکانیان هێشتا وەرنەگرتبوو ناچاربوون لەفەرمانو ڕەفتاری ئەوان پەیڕەویی بکەن، بەپێی تایبەتمەندی خودی سیستەمی کۆمەڵایەتی عەرەبەکان نەیان دەتوانی خۆیان لەهۆز جیابکەنەوە، هەتاوەکو نەیاندەتوانی لەدەرەوەی قەڵەمڕەو و سەر زەوی ئەسڵی خۆیان بەبێ کۆمەکی کەسانی تری هۆزەکەیان ئاسایشی گیانوماڵیان هەبێت. بەسترانەوە بەهۆزیکەوە لەوسەردەمەدا زۆر گرنگ بوو، گرنگی ئەوە وەکو بەسترانەوە بوو بەگەلێکەوە لەسەردەمی نوێداو لەشێوەی هەڵگرتنی پاسپۆرتی هەمان گەلدا دەژمێردرا.

لە بەڵگەنامەکەدا بەڕاشکاوی تۆمارکرابوو کەهۆزە بتپەرستەکانی پشتیوانانی مەدینە دەتوانن لەهێزی گەورەی ناوەندی بەهرەمەندبن، هێزی ناوەندیی بریتی بوو لەهەمان هێزی کۆکراوە کە لە یەکگرتنی هۆزەکانی مەدینەو بەستنەوەی هەموو کۆچکردووان بەوانەوەو ئەوانی تریش بەدی هاتبوو، بەو مەرجەی تەنها لەمەسەلە سیاسیە پەیوەندیدارەکان بەحکومەتی ناوەندییەوە کێشەوگرفت درووست نەکەن.

بەم شێوەیە لەبەڵگەنامەکەدا بڕیار درابوو (١ – ١٦ – ٢٠)کەبتپەرستەکانو پەیڕەوانی ئاینی جوولەکە لەناو هۆزەکانی عەرەبدا دەبێ سەر بەموسڵمانان بنولەجەنگدا یارمەتیان بدەنوهەروەها نابێت پەنادانی سامانوگیان بەقوڕەیشیەکانی مەککە بدەن و ڕێگر نەبن لەهێرشی موسڵمانان بۆسەرئەوان، بەدەستەواژەیەکی تر بەم خەڵکە

مافی هاوولاتیبوون درابوو بەو مەرجەی کەیەکێتیان بەشێوەی تەواو لەگەڵ قورەیشدا بپچڕن. بەشێوەیەکی تر لەزەمینەی پەیوەندیی موسڵمانان لەگەڵ قورەیشدا ئەوان بەبێ لایەن بمێننەوەو موسڵمانانیش ناچاربوون لەسەرئەم بابەتە ڕازیی بن. سەرباری ئەم خاڵانە، ئێمە لەگەڵ هەندێ دەربڕینی نووسەرانی عەرەبدا ڕووبەڕوو دەبینەوە کە باسی ئەوە دەکات عەرەبەکانی مەدینە لە شەڕی براکوژیی و جەنگی ناوخۆیی ماندوو و بێزار بوو بوون، لەو کێشمە کێشەی کە هەیانبوو ئامادە بوو بوون تالەگەڵ پیاوێکدا کە لەدەرەوە بێت (بەو مەرجەی کە پێشتر باسکرا) بەئاشتیی و ئارامی بژین بۆ حکومەت و فەرمانڕەوایی خۆیان ئەو دابنێن.

تائێرە پەیوەندیی بەعەرەبە ناموسڵمانەکانەوە بوو، لەبارەی جولەکەوە دەبێ بڵێین ناکرێ گومان بەرین کەجولەکەش لەو ڕۆژانەدا دەسەلاتی سیاسی پێغەمبەری خواﷺ یان قبولْ کردبێت، بەو شێوەیەی کەمن بۆم دەردەکەوێت دووەمین بەشی بەڵگەنامەکە واتە بەرنامەی پەیوەندیدار بە جولەکەوە، ڕووداوێك بوو پاش جەنگی بەدر، کەبە هۆی سەرکەوتنی درەوشاوەی موسڵمانانەوە بە قازانجی ئەوان لە هزری هەمواندا کاریگەریی دانابوو. خەڵکی مەدینە هەموو ڕێکەوتننامەو پەیماننامەکانیان لەگەڵ جولەکەدا ژێرپێ خستبوو، پێغەمبەری خوا ﷺ بەهۆی یەککگرتنی لەگەڵ هۆزەکانی دەوروبەری مەدینە وەکو بەنو دمراح و جوهەینە ڕاستەوخۆ توانای موسڵمانانی بەهێز و دابین کردبوو. جولەکە بوو بوونە دوو دەستەی دژبەیەك (رقیب) ئەگەری ئەوەی نەبوو بتوانن لە چوارچێوەی دۆستایەتی بەرانبەردا لەگەڵ یەکتردا بژین و لەپەیوەندییەکانیاندا بە شێوەیەکی سەربەخۆ و جیا لەیەکتر ئاسایشیان هەبێت، چونکە پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ هەموولاو لایەنەکاندا پچڕاندبوو، دۆست و لایەنگر و کۆمەك و یاوەرێکیان نەبوو، سەرئەنجام دەبوونە نێچیری هەر هێرشکەرێکی بەهێز. گەمارۆدران لەوەها هەلومەرجێکدا ئەوانی ناچارکردبوو تابیانەوێت لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ دا بێنە پێشەوەو پشتیوانی ئەو زاتە بەدەست بهێنن و لەهەمان کاتدا ئازادیی ئاینی و سەربەخۆیی ناو خۆیشیان هەبێت.

بەو جۆرەی کە وتم ئەو ڕووداوە تەنها دەیتوانی پاش جەنگی بەدر ڕووبدات نەك پێش ئەوە، هەرچەندە هەردوو بەشی بەڵگەنامەکە یەکەیەکی تەواو پێکدەهێنن و دەق و دانانی لە یەك قەڵەمەوە بەدیی هاتووە باوەکو مێژوونووسانی ئیسلام بە شێوەیەکی گشتی ڕایدەگەیەنن کە ئەم بەڵگەنامەیە لەسەرەتای ساڵی یەکەمی کۆچیدا نووسراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆی هەیە کەبەشی یەکەم لەساڵی یەکەمی کۆچی و بەشی دووەم دوای جەنگی بەدر نووسرابێت. ئەم بۆچوونەی من بەم ڕاستیە پشتڕاست دەکرێتەوە کەلە (لسان العرب)دا لەهەر جێگەیەکدا کە ئاماژە بەم بەڵگەنامەیە دەکرێت لە جێگەیەکدا بەناونیشانی (پەیڕەوی پەیوەندیدار بە کۆچکردووان و پشتیوانان)و لە جێگەیەکی کەمێك خوارتردا لە کاتێکدا ئاماژە بەبەشی دووەم دەکات بەناونیشانی (پەیڕەوەی پەیوەندیدار بە جولەکە) دەردەکەوێت و دەنووسرێ. شاهید و بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆی تر لەسەر ئەم ناونیشانە لەم ڕاستیەوە بەدەست دێت کەلە (سنن ابو داوود) دا تێبینی دەکرێت کە ئەم پەیڕەوە بۆ جولەکە دوابە دوای جەنگی بەدر دەرکەوتووە.

بەوشێوەیە کەئاماژەی پێکرا لەم پەیڕەوەدا دووبەشی جیاو دەرکەوتووی هەیە. یەکێ پەیوەندیدارە بەموسڵمانان و هۆزەکانی عەرەبەوە لە حاڵێکدا بەشی دووەم پەیوەندیدارە بە جولەکەوە. بێ بۆنە نابێت کورتەیەکی جیا لەهەر یەکەیان بەم شێوەیە باس بکرێت.

لە یەکەمین ڕستەدا ڕاگەیەندراوێك لەسەر دابین کردن و درووست کردنی یەکەیەکی سیاسیی و یەککگرتووی موسڵمان پێکهاتوو لە کۆچکردووانی مەککەو پشتیوانانی مەدینەو هەروەها لەوکەسانەی تر کە ویستبێتیان لەژێر ڕێنمایی و هاوکاری ئەم یەکە سیاسییەی کۆچکردوان و پشتیوانان لە جەنگدا بەشداریی بکەن، دەرکراوە. سەرباری ئەمە ئەمەش تۆمار کراوە کە ئەم یەکە سیاسیە فەرمانەکان (احکام)و بڕیارەکانی کەلەلایەن پێغەمبەری خوا

(ﷺ)ەوە دەرکرابێت گوێڕایەڵی دەکات (ماددەی١) لەدواهەمین ڕستەی ئەم بەشەدا لە بەڵگەنامەکە کە پەیوەندیدارە بە موسڵمانانەوە ئەم ڕستەیە دووبارە بووەتەوە بەم مانایەی کە هەرچەندە سەرەتا و سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکان خوای باڵادەستە لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی فەرمانبەرداری پێغەمبەری خواﷺ دەبن و لە هەموو دوبەرەکی و جیاوازیەکاندا دەگەڕێنەوە بۆلای ئەو و فەرمانی ئەو لەقۆناغی کۆتاییدا وەکو فەتوای کۆتایی و دوابڕیار وەردەگرن (ماددەی ٢٣).

هەروەها بڕیاریش درابوو کە ئەم یەکە سیاسییە سەرەڕای ماهیەت و تایبەتمەندیی ناوخۆیی وەکو یەک "ئوممەت " دەناسرێن و لەبەرانبەری خەڵک و جیهانی ترەوە بارێکی ڕوون و دیاریکراو و سەربەخۆیان دەبێت و خاڵێکی تر ئەمەی کە چینەکانی موسڵمانان خاوەنی مافی یەکسان و بەڵێنی وەکو یەکیان دەبێت (ماددەی ٢)و باوەکو ژمارەیان کەم و بێهێزی و کەم توانایی و مەترسییەکانی ژیانی ئەوان لە ئارادا بوو. خاوەنی هەستی هاوبەش و بەڕێزانەو لەسەر هەق بوونیٚ بوون کەلە هزرو بیروو هۆشیاندا چەسپابوو (ماددەی ١٣و٢٠).

مەسەلەی جەنگ و ئاشتی لەمافە ڕوون و لەپێشەکانی دەسەڵاتی ناوەندیی دەژمێردراو بۆی نەبوو کەبەشێك لەئاشتی و جەنگدا ببێت و لە حاڵەتێکدا ئەوانی تر لە دەرەوەی بن. خزمەتی سیستەم بە زۆر (اجباری) بوو هەرکەسیٚ پێویست بوو لەسەری کەخاوەنی پشکی یەکسان بیت. کاتیٚ کەجەنگ ڕووی دەدا دەستەکان و گرووپە جیاجیاکان دەبوو بەنۆرە بجەنگن و بەنۆرە پشووبدەن و ئاسایی نەبوو کەجەنگیٚ بەهۆی یەك بەش یان گرووپێکی دیاریکراوەوە ئەنجام بدریٚ وئەم گرووپە خۆی تەنها بێت (١٧و١٨). هەرچەندە ئاشتی و جەنگ بەدوومەسەلەی ناوەندیی دەژمێردران لەگەڵ ئەوەشدا مافی پەنادان وەکو ڕابردوو لەئەستۆی هەرکەسیٚ چ گەورەو چ بچووك بێت بەڵێنی پارێزگاریی بەخوارترین کەس دەدا لەدیدی هەمووئەندامانی ئوممەتەوە بەشێوەیەکی تەواو ڕێزلێگیراوو بۆ هەموانیش دەبوو پێوەی پابەندبن (١٥)بەم شێوەیە بنەماکانی برایەتی و یەکسانی و ئازادی کار لەم یەکە سیاسییەدا ڕۆڵێکی باش وکاریگەری هەبوو. ئازادی پێدان بەپەنا هێنەروئاوارەکان تەنها یەك مەرجی هەبوو ئەویش بریتی بوو لەمە کەئەگەر کەسێکی بتپەرستی عەرەب دەیویست لەم یەکە سیاسییەدا لەمافی هاووڵاتیبوون بەهرەمەندبێت ناچاربوو نە بە قوڕەیش مافی پەنابەریی گیان وسامان بدات وهەروەها کاتیٚ کەموسڵمانانیش بیانەوێت هێرش بکەنە سەرگیان وسامانی قوڕەیش و بیانەوێت لەمافی جەنگیی سوود وەربگرن ئەوە نابێت لەڕێگەی ئەواندا بەربەست دروستکات (ماددەی٢٠ب) لەبارەی ئەم بەشەوە دوو ڕووداو سەرنج ڕاکێشەو ئەم دوو ڕووداوو پێشهاتەش کەپێش جەنگی بەدر ڕوویانداوە، بوخاریی گوێزاویەتیەوە.

لەهەر یەکیٚ لەم دوو ڕووداوەدا کەسایەتیەکی زۆر گرنگی موسڵمان لەو ڕووەوە کەپەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ ئەندامیٚ لەئەندامەکانی هۆزی قوڕەیشدا هەبوو پشتیوانی سامانی ئەوی گرتبوویە ئەستۆ. درووستە کەقەدەغەبوونی پاراستنی قوڕەیش بەوجۆرەی لەم ڕستەیەدا هاتووە تەنها لەسەر کەسانی بتپەرست جیٚ بەجیٚ دەکرا،بەڵام هەر لەم ڕووەشەوە بەماقووڵ دەبینرێت کەموسڵمانانیش ئەوە ڕەچاوبکەن و بیپارێزن و وەکو ڕاستییەکی بەڵگە نەویست کاتیٚ کەفەرمانێکی ڕاشکاو لەئارادا نەبێت، ئەمەیان جیٚ بەجیٚ دەکرد. لەم ڕووەوەیە کە بەبڕوای من ئەم بەشە لەئەسڵی بەڵگەنامەکەدا باس نەکراوە بەڵام دواتر یان بەهۆی جەنگی (بەدر)ەوە کاتێك کە ڕێکەوتننامەیەك لەگەڵ هۆزەکانی جوولەکەدا گرێدرا یان هاوکاتی هەمان سەردەم کرایە پاشکۆی ڕێکەوتننامەکە، هەموو موسڵمانان پێویست بوو لەسەریان یارمەتی یەك بدەن و کاتی جەنگ لەغەم و پەژارەی یەکتردا بەشداربن (١٩) سەبارەت بەمەسەلەی بەڕێوەبردنی کاروباری دادگەریی و دادوەرییەوە، چونکە پێغەمبەر ﷺ وەکو دواهەمین دادگاو سەرچاوەی دادوەری ناسرابوو بۆ چەسپاندنی تاوانەکانی وەکو خوێنبایی و شتی تر سیستەمی دابینکردنی کۆمەڵایەتی پێشووتر پشتڕاست دەکرایەوەو فراوانتر دەکرا بەم مانایەی کەئەگەر کەسیٚ تاوانباردەکرا

دەبوو خزمەكانى يارمەتى بدەن. ئەگەر كەسىٚ ديلى دوژمن ببوايە ناچار بوايە نرخى زيان (غرامە) بدات هۆزى ئەو بەرپرسى ئەو پێدان و بژاردنە بوون (ماددەى ٤) هاوتەريبى ئەم كار ڕێكخستنە شار دابەشكرا بەچەند بەشێكەوە، كە تايبەتمەنديى هۆزە جياجياكانى بوو بەو شێوەيەى دانيشتوانى هەر هۆزێك لەجێگەيەك يان بەشێكدا لەگەڵ يەكترو دوور لەوانى تر دەژيان. لەهەر بەشێكدا سەرۆكێك هەبوو چەند جێگريش، جێگەيەكى كۆبونەوەيش (كەبەوان دەوترا نەقيب وعارف وجێگەكەش پێى دەوترا (سقيفە))ئێمە بەشێوەى راستەوخۆ ناتوانين سەرچاوەى ئەو يارمەتى و داراييە پەيدا بكەين كەدەدرايە ئەو بەشانە، بەلأم بەئەگەرى بەهێز هەركاتىٚ پێويستى بكردايە يارمەتى گەلێكيان پىٚ دەدرا. (دەڵێن كەبەنونەزير)يەكىٚ لەهۆزەكانى جوولەكەيە پارەى يارمەتى هۆزى خۆيان دەردەكردو ئەم بابەتە لەكتێبى (السيرة الشامية) دا لەنێو باسى جەنگى (سويق)دا نوسراوەكە (سەلامى كوڕى ميشكام) سەرۆكى هۆزى بەنونەزير خەزنەداريان بوو، ئەم پياوە پارێزەرى ئەو داراييە بوو كەبۆ كاتى سەخت پێشوەخت كۆيان دەكردەوە تالەكاتى پێويستدا خەرج بكرێت، ئەم كۆمەڵانە يان ئەنجومەن (شورا)ى بەشانە بەپێوەرێكى فراوان و سەربەخۆو جيا لەيەكتر كاريان دەكردو بەزاراوەى ئەمڕۆ چەند يەكەيەكى فيدراسيۆن يان فيدراڵى هۆزايەتيان درووست دەكرد.

پشتيوانان (يارانى موسڵمانى مەدينە) پێشوەخت يەكەى هۆزايەتى خۆيان هەبوو. لەم كاتەدا بۆمەبەستى ياسايى و كۆمەڵايەتى هەموو كۆمەڵى كۆچكردووان (ئەو موسڵمانانەى كە لە مەككەوە هاتبوون و لە مەدينە نيشتەجىٚ بووبوون)وەكو يەك هۆز دەناسران (ماددەى٣٧) لەم قۆناغەدا دەبىٚ بوترىٚ : دروست كردن و بەديهێنانى هۆزێكى نوىٚ لە ڕيشەى ڕەگەز جيا (غير متجانس) داهێنانێكى شۆڕشگێڕانە بوو. ئەم پرۆسەيە يەكەمين هەنگاوێكى هەست پێكراوو بەرجەستە بوو بۆ بۆ دەستەبەركردنى چاكسازيى ئيسلامى وەكو گەلى ئيسلام.

هەروەكو هەركەسىٚ دەزانىٚ ئەم كارە بڕيارىٚ بوو لەسەرووى گرنگى پێدانە ڕەگەزييەكان و وەكو ناوچەيەك كەنەلەسەر بناغەى بيرى وێرانكەرانەى لەدايكبووان لەجێگەيەكى ديايكراودا يان هەبوونى زمانێكى تايبەتى بەدى هاتبوو، هەروەها نەلەسەر بناغەى ڕەنگى پێست بەڵكو لەسەر بناغەى ڕەفتارو كردارى پەسەندكراوى ژيرانەى هەركەسێك دامەزرابوو كەلەگەڵ كۆمەڵێكدا بن كەكەسايەتى تاكەكانى لەسەر بنەماى ئايدۆلۆژى واتە تەرزى بيركردنەوەى ڕوون و دەركەوتوو ديارىى كرابێت. هەروەها ئەم مەرجەش باسكرابوو كەئەگەر كۆبونەوەى هەربەشێك لەبارێكدا نەبێت كە بتوانێت پێداويستيەكانى ئەندامانى خۆى دابين بكات لەسەربەشەكانى تر پێويست (واجب) دەبێت كەدەستى يارمەتى بۆ درێژ بكەن (ماددەى١٢) سەرەڕاى ئەوەش ئەمە بەدووپاتكردنەوەو داكۆكيكردن تۆماركرابوو كەئەگەر كەسىٚ بەمەرج و پەيوەندييەكانى ڕێكەوتننامەى برايەتى درووست و ياسايى لەگەڵ ئەندامێكى ياسايى و ڕێكخراوى يەك هۆزدا پەيوەنديى دۆستايەتى و هاوكاريى دامەزرێنىٚ و بە (مولا) بناسرێت ئاوەها ئەندامێكى دۆست كەدەبێتە هاوەڵى بنەماڵە مافى ئەوەى نييە لەگەڵ ئەندامێكى ڕەسەن (اصيل)دا دژايەتى بكات (ماددەى١٢ب).

زياتر لەمەش لەبارەى ئەم ڕێكخستن و دامەزراندنە ئەوەبوو بڕيار درابوو كەهيچ ئەندامىٚ نابێت كەسێكى تربكاتە براى هاوپەيمان (مولا)ى خۆى لەحاڵەتێكدا هاوشێوەى ئەمەى لەگەڵ يەكێكى تردا گرێدابێت، بەبىٚ ئەوەى ڕەزامەنديى ئەوەى يەكەميان بەدەست بهێنێت (تێبينى بەڵگەنامەى پێشوو بكرێت بەو شێوەيەى كە لە (ئيبوحەنبەل)ەوە گوێزراوەتەوە).

مافى دادگەرى خواستن لە تاك بەئوممەتە، واتە ئەو مافە گەڕاوەتەوە بۆدەسەڵاتى ناوەنديى و ئەم كارەيش شۆڕشگێڕانەو گەورەبوو. فەرمان دەركرابوو كە لەو بابەتانەى كەبەكاريگەريى فەرمانگەى دادوەرى گەيشتبىٚ، هيچ كەسىٚ مۆڵەتى نييە لە كەسێك لايەنگرى بكات يان بەپێچەوانەى هەق بەخزمەكانى گرنگى بدات، هەتاوەكو كەس

ناتوانێت سەبارەت بەمنداڵیشی بەزەیی بەکاربهێنی‌و هەوڵ بدات تائەو لەچنگی یاسا ڕزگار بکات، هەروەها بڕیار درابوو کەهەموو موسڵمانان دەبێت لەگەڵ یەکتردا هاوکاری تەواویان هەبێت‌و حسابی هەرکەسێ بکەن کەهەڵەی کردبوو یاکەسێ کەبیەوێ بچێتە سەر ڕێگەی خراپەکاریی (ماددەی١٣) کاری کوشتنی بەناهەق دەبێ بەدواداچوونی بۆ بکرێت‌و بکوژ سزای توند بدرێت. میراتگری کەسی کوژراو مافی خۆیەتی کەتۆڵەی توند داوابکات یان خوێنبایی‌وەرگرێت. فەرمانی قەدەغەکردنی توونده بۆ هەرجۆرە دەستێوەردانێك لەجێ بەجێ کردنی یاساو دادپەروەریدا دەرکرابوو (ماددەی٢١).

لەم بەڵگەنامەیەدا موسڵمانان ڕاسپێردرابوون کەئەگەر موسڵمانێك ناموسڵمانێك بکوژێت نابێت لە جێبەجێ کردنی تۆڵەی توند لێسەندنەوەدا سەبارەت بەبکوژ داکۆکی زۆر بکەن، هەروەها نابێت یارمەتی ناموسڵمان بدرێت لەبەرامەر موسڵمانەوە (ماددەی١٤). ئەم قەناعەت پێکردنە کەنەگەیشتووەتە قەدەغەکردنی ڕاشکاوانە لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێت هەستی دامەزراویی‌وچەسپاوی باوەڕ بەهەزری موسڵمان بدرێت، ئەڵبەتە ئاوا مانایەك بۆ گەلێکی پێشکەوتوو کەدەبێ ئەرکی گەورە ئەنجام بدات زۆر گرنگ وەردەگیرێت .

هەروەها پەنادان یان کۆمەك بەهەرتاوانبارێك کەکوشتنی ئەنجام دابێت بەتوندی قەدەغەبوو. هەروەها ڕاشگەیەنرابوو کەئەگەر کەسێ باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەبێت‌و ڕازی بووبێت بەوە کەلەجێ بەجێ کردنی ئەم بەڵگەنامەیەدا گوێڕایەڵی بکات ئەگەر یارمەتی بکوژێ یان پەنای بدات، نەفرین و سزای خوای باڵادەستی لەسەرە هەتا ڕۆژی زیندووبونەوەو لەسزا ڕزگاری نابێت.

هەندێ لەعەرەبەکانی مەدینە ئاینی جوولەکەیان وەرگرتبوو، بەتایبەتی لەناو خەڵکدا منداڵی کەسانێ هەبوون کەدایك‌و باوکیان ئەوانیان بەجوولەکە پەروەردە کردبوو، هەروەها لەبەرانبەری جولەکەکانەوە بەڵێننامەیان هەبوو. چینێکی تایبەتی هەبوون کەبەئاشکرا لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەداپەیوەندیان هەبوو، دەیانووت ئەگەر ئەوان بۆ هاوکاریی و سەربەدەستوور بوون ئامادە بن مافی بەرانبەر بە مافی موسڵمانان دەدرێت‌و هەقی پشتیوانی‌و کۆمەك‌و هیچ جۆرە ستەم‌و دەستدرێژییەك لەسەر ئەوان ڕێگەپێدراو و درووست نییە (ماددەی ١٦).

تائێرە بابەتگەلێکمان باسکرد کە تایبەتمەند بوو بە یەکەمین بەشی بەڵگەنامەکەو سەبارەت بە عەرەبەکانی مەدینەیەو بەو جۆرەی کە پێشتر وتوومە بەشی دووەم پەیوەندیدارە بە هۆزەکانی جولەکەوە. پێشتر کەباسێك هاتە پێشەوە لەبارەی ئەمەوە کە ئایا ئەم بەڵگەنامەیەی پەیوەندیدار بەجولەکە لە هەمان کاتدا ئامادە کراوە یاساکانی پەیوەندیدار بەکۆچکردوان‌و پشتیوانان نوسرابوو یان دوای ئەوان؟ بەپێی ڕێکخران و شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەیەکی کورت لەم بەشی دووەمە، دەمەوێ تێبگەم کەبەشی یەکەمی لەنێوان هەردوولادا هاوبەشە بەم مانایەی کەلەکاتی ڕوودانی جەنگدا ئەگەر موسڵمانێ لەگەڵ جوولەکەیەکدا کەلەپەیماننامەی هاوبەشدابوون هەرلایە دەبوو خەرجی جەنگی بەئەستۆوە بگرێت. ئەم بابەتە نەتەنها لەماددەی ٢٤دا لەبەرچاوگیراوە بەڵکولەماددەی ٣٧و٣٨دا دووبارە بووەتەوە. لەوانەیە دەق‌و تێکستی ئاڵۆز (مبهم)ی ماددەی ٤٥ب خاوەنی هەمان مانا بێت. لێرەدا وەرگێڕانی دەستەواژەیی دەقەکە ئاوادەخوێنرێتەوە: " بۆهەر لایەنێك پشکی بەئەستۆی لایەکە کە لەگەڵ ئەودا ڕووبەڕوو دەبێتەوە" .

دەربڕینێ کە ئەبوعەبەیدە هێناویەتی خاوەنی دەستەواژەی (پشکی خەرجیەکان (تێچوون)ە، بەئەگەری بەهێز هۆکاری ئەم دووبارە بوونەوەیە ئەمەبوو کەمامەڵە بەدراوی جوولەکەی مەدینە هاوتەریبی بەدناویی بوو. باری خراپی جولەکە بووبوویە هۆی ئەوە کەرێکەوتننامە هەڵوەشێننەوەو لادان‌وپەیمان شکێنیان لەقورئاندا باسکراوە.

کاتێ کەئەوان دەبوونە بەرپرسی خەرجییەکان ئاشکرایە کەهەقیانبوو لەدەسکەوتی جەنگیشدا پشك ببەن بەوشێوەیەی کەئەبوعوبەیدە لەتەفسیرەکەیدا ئەوەی بەڕوونی باسکردووە.

جوولەکەکان دانیان نابوو بە پلەوپایەو دەسەڵاتی پێغەمبەر ﷺدا، هەروەها لەبارەی کێشەو ململانێکانەوە رازیی بووبوون کە بڕیاری کۆتایی لەیەکلایی کردنەوەی گرفتو دووژمنکاریدا لەلای زاتی پێغەمبەرە بەو شێوەیەی کە لەماددەی (٤٢)ی بەڵگەنامەکەدا ڕاڤەکراوە. بەلام مرۆڤ سەری سووڕ دەمێنیّو زۆر سەرنج ڕاکێشە کە سەرەڕای ماددەی (٢٥) کە ئازادیی مەزهەبی جولەکە ڕادەگەیەنیو ئاسانکاری پێکەوە ژیان لەم ڕستەیەدا بەکار هێنراوە، لەوێدا کە دەڵێن (جولەکەکان پەیڕەوی مەزهەبی خۆیانو موسڵمانانیش پەیڕەوی ئاینی خۆیانن) لەم مادەیەدا (٤٢) سەرۆکی موسڵمانان (موحەممەد پێغەمبەری خوا) باسکراوە.

ئەم ناونیشانە لە کتێبی ئیبنو ئیسحاق (موحەممەد پێغەمبەر)و لەکتێبی ئەبو عوبەیدەیشدا (موحەممەد پێغەمبەر) تۆمار کراوەو دووبارە لە ماددەی ٤٧دا لەباسی ئیبنو ئیسحاقدا ناونیشانی (موحەممەد پێغەمبەر) دووبارە بووەتەوە، وەکو ئەوەی لە دەقەکەی ئەبو عوبەیدەدا لابرابێت).

سروشتی نییە گەر بڵێین جولەکە بە فەرمانڕەوایی پێغەمبەر ﷺ ڕازیی بووبن، بەڵکو واچاکترە بڵێین بەهۆی قەڵەمی هەندێ لەنووسەرانەوە (وەکو ڕێز لەو زاتە) لە مێژوودا تۆمار کراوە. چونکە لەریوایەتەکەی ئیبنو ئیسحاقدا لەهەردوو جێگەدا ڕستەی (ﷺ)نوسراوە. ناتوانرێت ئەگەری ئەوە دابنرێ.کە ئەم ڕستەیە بە فەرمانی کەسایەتی پێغەمبەری خوا نووسرابێت. هەروەها لەوانەیە وشەی (نبی) بەمانای پێغەمبەر (رسول الله) بەمانای نێرراوی خوا بەفەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ نووسرابێت. جولەکەکان زاتوبوێریی ئەوەیان نەبوو کەبەهۆی باری سیاسیوترسناکی ئەو سەردەمەوە وەکو قورەیش کاتی باسکردنی ڕێکەوتننامەی (حودەیبییە) لەسەرباسکردنیووشەی (پێغەمبەر) ناڕەزایی دەربڕن. بەڵام سەبارەت بەڕستەی ﷺ بەگوێزانەوەی ئیبنوهیشام بەو شێوەیە دەردەکەوێت کەخودی پێغەمبەر ﷺ ئەوەی لەبارەی خۆیەوە وەکو جۆێك لەنزاو پاڕانەوەی بەدەست هێنانی بەرەکەتوماناکانی تر بەکارهێنابێ. بەڵام بەچاوپۆشی لەم باسەلاوەکییە، هۆزەکانی جولەکە لەم بەڵگەنامەیەدا بەشێوەی (هۆزەکانی جولەکە) باس نەکراون، بەڵکو وەکو گرووپە جیاوازەکانی دانیشتوی مەدینەو چواردەوری کەلایەنی کڕیاری (مشتری) هۆزە جیاجیاکانی عەرەبەکان دەژمێردران، حساب کرانو مافی ئەوانە بەڕاشکاوی مافێکی یەکسانوبەفەرمی ناسرابوو. ئاوا دەردەکەوێت کەمەبەست لەم ناونیشانە دووپاتکردنەوەو داکۆکیکردن لەم ڕاستیە بووە کەجولەکە لەیەکگرتوویی فەرمی شار . پایتەخت، مەدینە وەکو ئوممەتێکی یەکگرتوویی سیاسی بێت . نەناسرێت بەڵام هەرهۆزێك کەبچێتە ناو ئەم پەیمانەوە وەکو یەکەیەکی جویّ وەربگرێت. دووبارە بەهەمان هۆبوو کاتیّ کەموسڵمانان دەچوون بۆجەنگی یەکیّ لەهۆزەکانی جولەکە باوەکو فەرمانیان پێدرابوو کەئەوان لەشاری مەدینە بکەنە دەرەوە، نەتەنها هۆزەکانی تر بیّ دەنگ دەبوون، بەڵکو لەهەندێ جێگەدا یارمەتی دارایی‌وسەربازیشیان بەموسڵمانان دەکردو ئەم پەیمانە یا ڕێکەوتننامەی وەرگیراو لەیاسای بنەڕەتی (دەستوور) نەتەنها تاجێگەیەك پەیوەندیدار لەگەڵ هۆزەکانی تری جولەکە بوو بەدرۆ نەدەخرایەوە بەڵکو بەشایستەی جێبەجێکردن دەناسرا. بەم شێوەیە لەم بەڵگەنامەیەدا ئەندامانی هۆزو (موالی) واتە هاوپەیمانان یا لایەنی هاوکاریان بەهاوبەش وپێکەوە بۆبژاردنی خوێنبایی بەرپرس بوون. پێغەمبەری خوا ﷺ پاش دەرکردنی (بەنو قەینوقاع) بەپشت بەستن بەماناو تێگەیشتنی ماددەی (٢٥)و (٣١)ی بەڵگەنامەکە لەبەنونەزیر (بنوالنضیر) داوای ئەو خەرجییانەی کرد کەپشکی ئەوان بوو. بەپێی مانای ڕاشکاوی ماددەی (٢٥)بەجولەکە مافی یەکسان لەگەڵ مافی موسڵمان درابوو هەروەها بەهاوپەیمانانی جولەکە کەبەجیاوازیی دەسکەوت (موالی) یا (بطن) یا (بطانة) ناو دەبران بەشێوەیەکی گشتی لەبارەی ماف وبەرپرسیارێتیەکانی پلەوناونیشانی یەکسانیان لەگەڵ پلەی جولەکە دەبوو (بەپێی ماددەکانی ٣٢و ٣٤و ٤٥و ٤٦).

ئاشكرایە كەكەسی پەنادراو (جار) نەیدەتوانی بەبێ مۆڵەتی ئەندامی ئەسڵی هۆز (بەپێی ماددەی ٤١) پەنادانەكەی بەكەسێكی تر بسپێرێت. لەڕاستیدا ئەم پەیوەندییەی كە لەگەڵ جولەكەدا كرابوو یەككگرتنێكی سەربازیی بوو. بەو شێوەیەی كە لە ماددەكانی ٣٧و٤٤و٤٥دا بەتەواویی ڕاگەیەندرابوو كەجولەكە دەبێت لەدژی تەواوی ئەوكەسانە كەموسڵمانان جەنگیان لەگەڵیاندا هەبێت بجەنگن‌و لەگەڵ هەركەسێكیش كەموسڵمانان لەحاڵەتی ئاشتیدابن ئەوانیش لەگەڵیان ئاشتیان هەبێت.هەروەها لە بەرگریش لەشاری مەدینە خاوەنی پشكی یەكسان دەبن‌و هەروەها بڕیاریش درابوو كەئەگەر موسڵمانان هێرشیان كرایە سەر دەبێ جولەكە یارمەتیان بدەن‌و ئەگەر جولەكەش هێرشیان كرایە سەر موسڵمانان دەبێ یارمەتیان بدەن. ئەڵبەتە ئەگەر موسڵمانان تووشی جەنگێكی مەزهەبی ببونایە جولەكەكان بەڵێنی هاوكارییان لەگەڵیاندا نەبوو (بەپێی ماددەی ٤٥) هەروەها تۆمار كرابوو كە هاوڕێی‌و لەگەڵ بوونی جولەكە لەگەڵ هێزی موسڵمانان كاتی دەرچون بۆ جەنگ بۆ مۆڵەتی پێغەمبەرﷺ دەگەڕێتەوە (ماددەی ٣٦). دەقی ئەم بەشە لە مانادا هەندێ نهێنی‌و ئاڵۆزەو لەوانەیە بەم مانایە بێت كە جولەكەكان بە سەربەخۆیی‌و خودسەرانە نەدەبوو بەبێ مۆڵەتی پێغەمبەر ﷺ لەدژی كەسێ جەنگ ڕابگەیەنن. ئەگەر باسەكە بەم شێوەیە بێت هۆكارەكەی ئەوەیە كە پێغەمبەری خوا ﷺ لەم بارەیەشەوە هێزی زیاتری بەدەست هێنابوو. لەوانەیە قوڕەیشی مەككە لەو كەسانەبن كەزیاتر لەهەموان لەم پەرچە گرنگە نیگەران بن، چونكە ئەوان لەیارمەتی هاوپەیمانە زۆر گرنگەكەیان كە جولەكەی مەدینە بوون بێبەش دەبوون. چونكە لەمادەی ٤٣ی ئەم ڕێكەوتنامە یا بەڵگەنامەیەدا بەڕوونی تۆمار كرابوو كە جولەكە نابێت بە قوڕەیش یان پشتیوانانی قوڕەیش یارمەتی بدەن. وەكو بڵێی ئەم پەرچ و مەرجە لە كردەوەدا ڕێزی لێ نەگیراو سەركردەكانی جولەكە هەمیشە لەگەڵ قوڕەیشدا لەحاڵەتی پیلانگێڕاندا بوون، ئەو فێڵبازییە بە یەكجاریی لەدوای جەنگی بەدر دەستی پێكرد بەو جۆرەی لە ئیبنو هیشام دەبیستین كە ئەم دەغەڵكارییانە نەوەستا مەگەر دوای ئەوەی كە دواهەمین كەسانی جولەكەی بەنو قورەیزە (بنو قريظة) بەبێ مەرج تەسلیم بوون.

ئیبنو كەسیر (ابن كثير) لە بەرگی چوارەمی (البداية)و توری (Torry)[1] ئەم مانایە پشتڕاست دەكەنەوە. بە هەرحاڵ جەنگ و ئاشتی بابەت‌و زەمینەی بنچینەیی جێگەی قسە لەسەركردن‌و باسكردنی ئەم فیدراسیۆن یا فیدراڵیە نەبوو. فەرماندەیی جەنگی بەپێغەمبەرﷺ سپێردرابوو، ئەم ڕێزو گرنگییە بۆ حەزرەت سەركەوتنێكی سیاسی گەورەبوو. پێێغەمبەری خوا ﷺ بەتەواوی لەكاروباریی كۆمەڵایەتی‌وناوخۆیی دەست تێوەردانی نەدەكرد.

زنجیرەی بێ كۆتایی سزادانی بكووژو تۆڵەسەندنەوەو هەروەها دژە تۆڵەی سەردەمی كۆن بەتەواوەتی كۆتایی پێهات. بەدەست هێنانی بەرزترین دەسەڵاتی دادوەریی‌و سزاو پاداشت بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ بەسەرجولەكەدا بۆموسڵمانان بەسەركەوتنێكی گەورەی سیاسی دەژمێردرا.جولەكە نەك تەنها پێغەمبەری ئیسلام ﷺ یان وەكو سەرۆك‌وفەرمانڕەوای خۆیان قبوڵ كردبوو، بەڵكو ڕازیش بووبوون كەشاری مەدینەو چواردەوری وەكو شارێكی پیرۆز بناسن (ماددەی٣٩). مەككە پێشوەخت بەزەوییەكی پیرۆز ناسرابوو، هەروەها شاری تائیف لەساڵی (٩) كۆچیدا بەپیرۆز ناسێنرابوو. لەڕاستیدا یەكێ لەسەركەوتنە كۆمەڵایەتیەكانی پێغەمبەری خواﷺ ئەمەبوو كەشاری نیوە عەرەبی وەكو مەدینە بگۆڕدرێت بەشاری پایتەخت.

هەروەها جولەكەش ئەم سەرزەمینە بەپیرۆز لەقەڵەم بدەن، لەحاڵەتێكدا كەدانیشتوانی پێكهاتبوون لەگەلانی جیاجیاو لەژێریەك حكومەتی ناوەندیدا بەهەبوونی یاسایەكی بنەڕەتی (دەستوور) كرداری‌وتوانای كرانەوەی هەبووبێت دەژیان. بەهاوكاریی هەمووان لەمەدینەدا یەك سیستەمی سیاسی دامەزرا كەلەساڵەكانی دواتردا ئەم جێگەیەی كردبوویە ناوەندی ئیمپراتۆریەتێكی بەرفراوان كەپێكهاتبوو لەسێ كیشوەری ئاسیاو ئەفریقاو ئەوروپا ،

1 – سەرچاوەی جولەكە سەبارەت بە ئیسلام ل١٣٠.

بەبێ گرفت وبەبێ ئەوەی ئەم ئەسڵە یاساییە بڕووشێت. ئەوەی کەلێرەدا ئاماژەم بەئەورووپا کرد نابێ سەرت سوڕ بمێنێ چونکە زۆر پێشتر لەحکومەتی ئەمەوی لەسەردەمی خەلافەتی عوسمانی کوڕی عەفان (ڕەزای خوای لێ بێت) دا لە ساڵی (٢٧ ك) (٦٤٧ – ٦٤٨ ز) لەشکری ئیسلام لەڕاستیدا لەئیسپانیادا ڕێگەی کردەوەو بەهۆی کەمی پێداویستیو هێز نوێکردنەوەوە لەشکری ئیسلام لەو وڵاتەدا ڕاوەستاو بەشێك لەو وڵاتەی لەژێردەستدابوو تائەوەی پاش چەندەها ساڵ تاریقی کوڕی زیاد هاتەناو گۆڕەپانو سەرکەوتنەکەی تەواو کرد، ئەم ڕووداوەی سەردەمی حەزرەتی عوسمان (خوای لێ ڕازی بێت) تەبەریو سەرچاوەکانی تر باسیانکردووە، هەروەها گیبون (Gibbon) لەمێژووی لێکهەڵوەشانوکەوتنی ڕۆمدا ئاماژەی بۆ کردووە. هەرکەسێ دەزانێ کەتاسەردەمی خەلافەتی عوسمانی کوڕی عەفان (ڕەزای خوای لێ بێت) مەدینە وەکو پایتەختو ناوەندی خەلافەت مابوویەوە. لەم بەڵگەنامە یان ڕێکەوتننامەیەدا وشەی " دین "یش بەکارهێنراوە. ئەم وشە عەرەبییە لەیەك کاتدا هەم بەمانای ئاینومەزهەب و هەم بەمانای حکومەت بەکاردەهێنرێت. سەرنجدانی ئەم ڕاستیە ئەوەندە گرنگی هەیە کەئەگەر لەوە چاوپۆشی بکەین لەتێگەیشتنی دەرکی مانای مەزهەب و سیاسەتی ئیسلام بەڕێگەی ڕاستودرووست دادە مێنین.

لەماددەی (٢٥) دا ئەوەی کەلەم دواییانەدا هەندێ بەمانای ناسینی پێکهاتەی هاوڵاتیبوون ونەتەوەی جولەکە لە ئیسلامدا لێکیان داوەتەوەو باسی کراوە. جگە لەناسینی ئەو ڕاستیەی کەجولەکەیش بڕوایان بەخودا هەیەو جولەکە بەیەکتاپەرست دەژمێردرێن، ناتوانرێ ڕێ بەفەرمی ناسینی ئاوەهاپێکهاتەیەك بدرێت (سەیری پەراوێزی ماددەی ٢٥ی بەڵگەنامە وەرگێڕدراوەکە بکەن).

خوێندنەوەی هەموو دەستوورەکە ئەم خاڵە ئاشکرا دەکات کە (فیدراسیۆن) یایەکگرتوویيەکی پێکهاتوو لەموسڵمانانو ناموسڵمانانی مەدینە بۆ مەبەستی سیاسیو کۆمەڵایەتی دابین کرابوو. هەرچەندە سەربەخۆیی ناوخۆیی درابویە جولەکەکان، بەڵام لەسیاسەتی دەرەوەی ئەم شارە (پایتەخت)دا کەببویە خاوەنی یاسای بنەڕەتی بەشدار نەبوون. ٍلەحاڵەتێکدا کاتی هاتنی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ مەدینە جولەکەکان خاوەنی گەورەترین گەل بوون. جولەکە نەیدەتوانی بە سەربەخۆیی جەنگ ڕابگەیەنێ یان جەنگ هەڵبگیرسێنێ هەروەها مافی نەبوو جگە بە مۆڵەتی پێغەمبەر ﷺ کە سەرچاوەو بڕیاردەری کۆتایی ئەوان بوو بچنە بەرەی سوپاو لەگەڵیاندا هاوڕێ بن.

## گرنگی و ڕەسەنایەتی بەڵگەنامەکە

جێگەی خۆیەتی چەند وشەیەك لەسەر گرنگی و ڕەسەنایەتی ئەم بەڵگەنامەیە زیاد بکرێت، باسەکە لێرەدایە کە هەندێ لە فەرموودە ناسان (محدثین) ڕایانگەیاندووە کە چونکە ئیبنو ئیسحاق بەڵگەی ئەسڵی ئەم بەڵگەنامەیەی بە دەست هێناوەو گوێزاویەتەوەو ناوی زنجیرەی گێڕەرەوانی (راویان)ی نەداوە لەبەر ئەوە ناکرێت ئەم بەڵگەنامەیە بە متمانەپێکراو بزانرێت. ئەم بابەتە بە تەواویی دروست نییە.

(ئیبنو زەنجەوا) لە (ئەلزوهری)ەوە دەگێڕێتەوە، (ئیبنو سەیدوننناس) ئەوەی لە کتێبی (ئیبنو خەلیسەوە) کۆپی کردووە، بەشگەلێك لە ڕستەکان بە هۆی باشترین فەرموودە ناسانەوە وەکو بوخاری و موسلیم و ئەوانیتر چەسپاوەو تۆمار کراوە. بوخاری هەتاوەکو لە (ئەنەس)ی نووسەری نیگا (وحی)ی تایبەتی پێغەبەر ﷺ گێڕاویەتەوە کە ئەنەس وتوویەتی ڕێکخستنی ئەم بەڵگەنامەیە لە ماڵی باوك و دایکی ئەودا ئامادەو ڕێکخراوە (ئەم راڤەیەی دوایی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مێژووی ئەم بەڵگەنامەیە پێش دروستکردنی مزگەوتی پێغەبەر ﷺ لە مەدینە نووسراوە) بەڵگەی تری هەمان بۆچوون و مانا زۆر سەرنجراکێشە.

ئیبنو حەجەر دەیەوێت بۆ ئەم بەڵگەنامەیە گرنگی و ڕەسەنایەتییەك دابنێ کە لە سنووری پاك و بێگەردی و دوور لە هەڵەبوون لە هەر کەمو کورتییەك بێت، بەڵام بەڵگە ناهێنێتەوە. بەو شێوەیەی کە دەردەکەوێت لە خوێندنەوەی ماددەی (٢٥)دا لە بارەی ئەوەی کە جولەکە بە (ئوممەتێکی باوەڕدار) ڕادەگەیەنرێ بە توندی دووچاری سەرسووڕمان دەبێت. لە حاڵەتێکدا کە هۆکاری ئەم سەرسوڕمانە دەرك ناکەین بە هۆی ئەوەی کە جولەکەکان بە ڕاشکاوی تەواوەوە یەکتاپەرستن و وەکو موسڵمان بڕوایان بە خوای تاقانە هەیە.

بە پێچەوانەی ئەم هەموو پەرچ و بەربەستە، هەڵبژاردنی هەندێ دەستەواژەو زاراوەی کۆن و کەڵەکە کراو نموونەی داڕشتنی کۆنی عەرەبییە، بەڵام داڕشتنەکە هاوڕێ لەگەڵ زێرینگەری سروشت و خوو هزرو زەوقی ڕاستەوخۆ، کە هیچ جۆرە کاریگەرییەك لە جۆری زۆر لەخۆکردن (تصنع)ی نەوەکانی دوایی تێدا نابینرێت.

(مەقریزیی) دەیگێڕێتەوە کە دواتر زانراوە کە ئەم بەڵگەنامەیە بە شمشێری پێغەبەر ﷺدا هەڵواسرابوو، ئەم شمشێرە زاواو ئامۆزای ئەو عەلی – خوا لێی رازی بێت – بە میراتی بردوویەتی. بێگومان لە ڕووی ئەم بەڵگەنامەیەوە بوو کە حەزرەتی عەلی – ڕەزای خوای لێ بێت – بەشگەلێ لەوەی دواتر لە کۆبوونەوەی گشی لە کوفەدا خوێندووەتەوە، بەو شێوەیەی کە ئەم خاڵە لە ژێر ناویشانی (دەرهێنراو لە بەڵگەنامە) لەناو باسی کتێبەکانی بەڵگەنامەو توێژینەوەدا دەیخوێنینەوە.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین لەم بەڵگەنامەیەدا خاڵێك نییە کە بشێ وا لێی حاڵی بین جیاوازبێت لەگەڵ سیاسەتی گشتی ئیسلامدا، یا نەکرێت. هەروەها خاڵێك لەودا دەست ناکەوێت کە لەگەڵ ژیان و کرداری پێغەمبەری خوا ﷺ هاوئاهەنگ و هاوسەنگ نەبێت.

## وەرگێڕانی دەقی دەستووری دەوڵەتی ئیسلامیی لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺدا[1]

١. ئەم (نوسراوە) دەستوور یا بلاوکراوەیە کە لەلایەن موحەممەد پێغەمبەر (نێردراوی خوا) لەنێوان باوەڕداران و موسڵمانان لە هۆزی قورەیش و (خەڵکی) یەسریب (مەدینە)و کەسانێ کەلەوان پەیڕەویی بکەن و پەیوەندیی بەوانەوە بکەن و لەگەڵ ئەواندا تێکۆشان (جیهاد) بکەن، گوێ لێگیراو و جێ بەجێ کراو دەبێت.

٢. ئەمانە بەجیا لەخەڵکی تر گەل (أُمة)ێکن تەنهاو دیاریکراو (یەکەیەکی تەنهای سیاسی).

٣. کۆچکردووانی قورەیش بەرپرسی پاراستن و پاسەوانی بەشی خۆیان دەبن وخوێنبایی خۆیان بەپاراستنی هەستی چاکە خوازیی و دادپەروەریی کەلەنێوان باوەڕداراندا بوونی هەیە دەبژێرن (دەیدەن)و سەربایی (فدیة) دیلەکانی خۆیان لەسەر بناغەی چاکەکاریی و دادپەروەریی هەمووان پێکەوە دەیدەن.

٤. (بەنوعەوف)یش بەرپرسی پاراستن و پاسەوانی بەشی خۆیان دەبن و خوێنبایی پەیوەندیدارییان بەرێکەوتن لەگەڵ یەکتردا دەبژێرن و سەربایی (فدیة)ی پەیوەدیدار بەدیلەکانی خۆیشیان بەپاراستنی بنەماکانی چاکەکاری و دادپەروەریی باو لەناو موسڵماناندا جێ بەجێ دەکەن.

٥. بەنوحارس (خەزرەجییەکان) بەرپرسی پاراستن و پاسەوانی بەش (ناوچە)ی خۆیانن و هەرهۆزو گرووپێك بەرێککەوتن سەربایی پەیوەندیداری دیلەکانی خۆیان لەسەر بناغەی دادپەروەی و چاکەخوازیی دەبژێرن.

٦. بەنوساعیدە بەرپرسی پاراستن و پاسەوانی ناوچەی خۆیان دەبن و هەر گرووپێك لەسەر بناغەی بنەماکانی چاکەکاری و دادپەروەریی باو لەنێوان باوەڕداراندا سەربایی خۆیان دەبژێرن.

٧. بەنو جەشم بەرپرسی پاراستن و پاسەوانی ناوچەی خۆیان دەبن و لەسەر بناغەی بنەماکانی چاکەخوازی و دادپەروەریی باو لەنێوان باوەڕداراندا سەربایی خۆیان دەبژێرن.

٨. بەنو نەجار بەرپرسی پاراستن و پاسەوانی ناوچەی خۆیان دەبن و هەرهۆزو گرووپێك لەسەر بناغەی دادپەروەری و چاکەکاریی باو لەنێو باوەڕداراندا سەر بایی خۆیان دەبژێرن.

٩. (بەنو عەمر بن عەوف) بەرپرسی پاراستن و پاسەوانی ناوچەی خۆیان دەبن و لەسەر بناغەی بنەماکانی چاکەخوازی و دادپەروەریی باو لەنێوان باوەڕد اراندا سەربایی خۆیان دەبژێرن.

١٠. (بەنو نەبییت) بەرپرسی پاراستن و پاسەوانی ناوچەی خۆیان دەبن و لەسەر بناغەی بنەماکانی چاکەخوازی و دادپەروەریی باو لەنێوان باوەڕد اراندا سەربایی خۆیان دەبژێرن.

١١. (بەنو ئەوس) بەرپرسی پاراستن و پاسەوانی ناوچەی خۆیان دەبن و هەر هۆزێك لەسەر بناغەی بنەماکانی دادپەروەریی و چاکەکاری باو لەنێو باوەڕداراندا سەربایی خۆیان دەبژێرن.

١٢.

أ . بڕیار دراوە (چەسپاوە) کە باوەڕداران هیچ کەسێ کە بە هۆی پاڵەپەستۆی قەرزەوە لەپێ کەوتبێ (بەبێ یارمەتی) لەو حاڵەتەدا نەیهێڵنەوەو لە بابەتی سەربایییشدا لەسەر بناغەی بنەماکانی دادپەروەری و چاکەکاری باو لە نێو باوەڕداران و هەروەها سەبارەت بە خوێنبایی ڕەچاوی حاڵی ئاوەها کەسێك بکەن.

ب . هەروەها چەسپاوە کە هیچ باوەڕدارێك لەگەڵ مەولا (هاوپەیمان) یەکی باوەڕداری تردا دژی ئەو دژایەتی و نەیاریی نەکات.

[1] – بەو شێوەیە کە تێبینی دەکرێت لە دێری یەکەمی دەقی دەستووردا (هذا الکتاب) نووسراوەو وشەی کتێب لە ڕستەکەدا بە مانای دەستوورو بلاوکراوەو فەرمان بەکارهێنراوە، سەرچاوە (کتاب الله)یە کە بریتییە لە قورئانی پیرۆز، وەرگێڕانی ئەو بلاوکراوەیە یان فەرمان یان دەستووری خواییە.

١٣. هەروەها بڕیاردراوە (چەسپاوە) کە باوەڕدارانی پارێزکار دەبێ لەبەرامبەر ئەو کەسەوە کەلەنێوان ئەواندا یاخی ببێت یان بیەوێت دەستدرێژیی بکاتە سەر ئەوانی تر و ستەمکاریی بکات یا ئەمەی ببێتە هۆی وەدیی هێنانی دەست درێژیو تاوانێك یان لەنێو موسڵماناندا گەندەڵی (فساد) دروست بکات هەموو لەگەڵ یەکدا هاوکاری بکەنو،ئەو تێك بشکێنن، با وەکو ڕاپەڕیوی دەستدرێژکار منداڵ (نەوە)ی یەکێ لەباوەڕداران بێت.

١٤. هیچ باوەڕدارێ نابێ خاوەن باوەڕێ بکوژێ کە کافرێکی کوشتووەو نابێ یارمەتی هیچ کافرێ لە دژی باوەڕدارێك بدات.

١٥. ڕوونەو بڕاوەتەوە کەپشتیوانی خوا یەکەو زیاتر نییەو پشتیوانی باوەڕداران لەخوارترین کەسی موسڵمان . لەکاتێکدا بەناوی ئیسلامەوە پەیمانی دابێت بڕاوەتەوەو بۆ هەمووانەو هەمووباوەڕداران لەبەرانبەر خەڵکی جیهان . لەگەڵ یەکدا یەکسانن.

١٦. کەسانێ لەکۆمەڵگەی جولەکە کەیارمەتی ئێمە بدەن پشتیوانیویارمەتی ئێمە بەدەست دەهێننو لەگەڵ ئێمەدا یەکسان دەبنو هیچ کەس ناتوانێت شتێ بەسەریاندا بسەپێنیو بەڵگەنەویستوڕوونە بەدژەکانی ئەوان یارمەتی نادرێت.

١٧. ئاشکرایەو ڕوونە کە ئاشتی باوەڕداران یەك ئاشتییە، ئەگەر لەحاڵێکدا لەڕێگەی خوادا جەنگێ هاتە پێش هیچ باوەڕدارێ ماف ئەوەی نییە بەبێ ڕەزامەندیی باوەڕداران لەگەڵ دوژمنی بەرانبەردا ئاشتی بکات، مەگەر ئەمەی ئەم ئاشتییە لەلایەن هەموو باوەڕدارانەوە ڕەزامەندیی لەسەر بێت کە لەو حاڵەتەدا ئاوەها ئاشتییەك کە لەسەر بناغەی دادپەروەریو یەکسانی دامەزرا بۆ هەمووان بە پێویست دەزانرێت.

١٨. هەر هۆزێك وەك هاوکاری ئێمە لە جەنگدا بێت دەستەکانی ئەو هۆزە (کۆمەڵە) دەبێ بە نۆرە هاوڕێ لەگەڵ ئێمەدا بجەنگن.

١٩. لەو ڕووەوە کە باوەڕدارن هەموویان حوکمی یەك کۆمەڵیان هەیە لەو خوێنانەی کە لەوان دەڕژێت لە ڕێگەی خوادا وەلی یەکترن (واتە هەموو وەکو میراتگری خوێن دەناسرێنو تۆڵەسەندنەوە لە ئەستۆی هەمواندایە).

٢٠.

أ . بێگومان باوەڕدارانی پارێزکار پەیڕەوی ڕێنماییو سەربە باشترین ڕێگەی ئیرشادن.

ب . هیچ هاوەڵدانەرێ بۆ خودا (مشرك) نابێ کەسێ لە قوڕەیش یارمەتیو پشتیوانی بکات یان ماڵ (سامان)ی ئەو بپارێزێ. نابێ بەربەستی هیچ باوەڕدارێ بکات کە بەسەر بێ باوەڕدا سەرکەوێت (یان دەسەڵاتدارو دەست ڕۆیشتوو بێت).

٢١. ئەگەر کەسێ بە ئەنقەست باوەڕدارێ بکوژێو بەسەریدا بچەسپێت دەبێ لە تۆڵەی ئەو کوشتنەدا بکووژرێتەوە، مەگەر ئەوەی میراتگرانی کوژراو ڕازی بن (کە خوێنبایی وەرگرن)و هەموو باوەڕداران دەبێ بۆ سزادان هەوڵبدەن هیچ جۆرە کارو کردەوەیەکی تر بۆ باوەڕداران ڕەوانییە.

٢٢. بۆ هیچ باوەڕدارێ کە بڕوای بەم بەڵگەنامەیە بێتو بە خواو ڕۆژی دوایی بڕوای هەبێت دروست نییە بە تاوانکار یارمەتی بدات یان پەنای ئەو بداتو لەسەر کەسێ کە یارمەتی تاوانکار بدات یان پەنای بدات، هەمیشە نەفرینی خواو تووڕەیی خوا لە ڕۆژی دواییدا ڕووەو ئەو دەبێو هیچ جۆرە خەرجیو بژاردنێك لەو وەرناگیرێت.

٢٣. لەسەر ئێوە باوەڕداران پێویستە (واجب)ە لە هەر بابەتێکدا لەگەڵ یەك جیاوازیتان پەیداکرد، سەرچاوەی گەڕانەوەتان فەرمانی خواو پێغەبەرەکەیەتی.

٢٤. هەرکاتێ جولەکەکان لە کاتی جەنگدا هاریکاری باوەڕداران بکەن، خەرجی جەنگیان دەبێ خۆیان بیدەن.

٢٥. جولەکەی بەنی عەوف لەگەڵ باوەڕدارانددا وەکو گەلێك دەناسرێن، بەم جیاوازییەی کە جولەکە بەپێی فەرمانی ئایینی خۆی کار بکاتو موسڵمانیش بەپێی فەرمانی ئایینی خۆیان، هاوپەیمانان (موالی)ی جولەکە لە فەرمانی خۆیاندا وەکو خودی جولەکەن، مەگەر کەسانێ کە ستەمکاری بکەنو تاوانێ بکەنو دەستدرێژکار بن. ئاوەها کەسانێ جگە خۆیانو خەڵکی ماڵی خۆیان (کەسێ تر) دووچاری زەحمەت ناکەن.

٢٦. جولەکەکانی بەنی نەجاڕ مافیان هەروەکو ماڤ جولەکەی بەنی عەوف دەبێت.

٢٧. جولەکەکانی بەنی حارس مافیان هەروەکو ماڤ جولەکەی بەنی عەوف دەبێت.

٢٨. جولەکەکانی بەنی ساعیدە مافیان هەروەکو ماڤ جولەکەی بەنی عەوف دەبێت.

٢٩. جولەکەکانی بەنی جەشم مافیان هەروەکو ماڤ جولەکەی بەنی عەوف دەبێت.

٣٠. جولەکەکانی بەنی ئەوس مافیان هەروەکو ماڤ جولەکەی بەنی عەوف دەبێت.

٣١. جولەکەکانی بەنی سەعلەبە مافیان هەروەکو ماڤ جولەکەی بەنی عەوف دەبێت. مەگەر ئەو کەسەی کە ستەم بکاتو تاوان ئەنجام بداتو ئەویش جگە بۆ خۆیو کەسانی بنەماڵەی زیان بە کەسانی تر ناگەیەنێت.

٣٢. ئاشکراو چەسپاوە کە (جفنە) چونکە لقێکە لە هۆزی سەعلەبە هەروەکو خۆیان (لە حوکمی خۆیاندا) دەبن.

٣٣. بێگومان ماڤ بەنو شەتیبە (بنی الشطیبة) هەروەکو ماڤ جولەکەکانی بەنی عەوف دەبێتو ئاشکرایە کە ئەم مانایە لە هەر ڕوویەکەوە دەبێ پارێزگاریی بکرێو دەستدرێژیی ڕوونەدات.

٣٤. هاوپەیمانان (موالی) سەعلەبە خاوەنی ماڤ ئەندامانی هەمان هۆز دەبن.

٣٥. چەسپاوو بەڵگە نەویستە کە لقە لاوەکییەکانی جولەکە خاوەنی ماڤ ئەندامانی ئەسڵییان دەبن.

٣٦.

أ . چەسپاوو بەڵگە نەویستە کە هیچ یەکێ لە کەسانی جولەکە جگە بە ڕێگەپێدانو مۆڵەتی موحەممەد لە جەنگدا بەشداری ناکەن.

ب . نابێ تۆڵەسەندنەوە (قصاص) لەناو ببرێتو خوێنی کەسێ بە فیڕۆ بچێو هەر کەسێ خوێنی کەسێ بڕێژێ زەحمەتی ئەوە داوێنگیری خۆیو بنەماڵەکەی دەبێت. خوا بە باشترین شێوە گرنگی بەم بابەتە داوە.

٣٧.

أ . کاتی جەنگ هەڵگیرسان خەرجی جەنگی جولەکە بە ئەستۆی خۆیانەو خەرجی جەنگی موسڵمانانیش بە ئەستۆی خۆیانەوە دەبێتو بە هەرحاڵ هەردوولا لەگەڵ یەکتردا لە دژی کەسانێ کە دژی پەیڕەوی ئەم دەستوورە بجەنگن، هاوکاری دەکەنو پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتردا لەسەر بناغەی ڕاوێژ و خێرخوازییو ئامۆژگاری دەبێتو لە بەدڕەفتاری خۆیان دەپارێزن.

ب . هیچ کەسێ نابێ سەبارەت بە هاوپەیمانەکەی بەدڕەفتاری بکات، هەموو دەبێ یارمەتی ستەم لێکراو بدەن.

٣٨. کاتێك کە موسڵمانان لەگەڵ ئەوانی تردا لە حاڵی جەنگدابن، جولەکەکان یارمەتی ماڵی (دارایی) موسڵمانان دەدەن.

٣٩. ناو شاری مەدینە بۆ پەیڕەوانی ئەم بڵگەنامەیە بە پیرۆز (واتە وەکو حەرەم) دەناسرێت.

٤٠. پەناهێنەری هەرکەسێ لە حوکمی خودی ئەو کەسەدایەو هیچ کەس نابێت زیان بە پەنادراوی بگەیەنێت یان سەبارەت بە ئەو تاوان ئەنجام بدات.

٤١. پەناهێنەر (واتە کەسێ کە لە کەسێکی تر ماڤ (جوار) یا پەنادانی وەرگرتبێ) ناتوانێ جگە لە مۆڵەتی کەسی پەنادەر کەسێکی تر لەم مافە ئەسڵییە بەشدار بکات.

٤٢. هەرکاتیٚ لە نێوان کەسانێکدا کە سەر بەم دەستوورەن، کوشتاریٚ ڕوودات یان پیاهەڵشاخان (مشاجرە)ێك ڕوویدا کە ترسی خراپەکاریو گەندەڵی (فساد)ی تێدابێت، دوا ناوەندی جێگەی پێداچوونەوە خواو موحەممەد (کە نێردراوی خوایە) دەبنو خودا پارێزەری پارێزکارترینو چاکە خوازترینی پەیڕەوانی ئەم بەڵگەنامەیەیە.

٤٣. مافی پەنادان (جوار) بە قوڕەیشو هاوکارانی قوڕەیش نادرێت، ئەوان لە مافی پەنادان بێبەشن.

٤٤. پەیڕەوانی ئەم بەڵگەنامەیە لە بەرامبەری کەسانێکەوە کە هێرش بکەنە سەر مەدینە یارمەتی یەکتر دەدەن.

٤٥.

أ . ئەگەر جولەکەکان بانگ بکرێن بۆ ئاشتییەك کە تێیدا هاوکاری بکەن و ئەو ئاشتییە بکەنە کردەوە دەتوانن بەم کارە هەڵسن، لەو حاڵەتەدا دەبیٚ باوەڕدارانیش ئەو ئاشتییە قبوڵ بکەن، مەگەر ئەوەی ئاشتی لەگەڵ کەسانێکدا بێت کە لە دژی دین دەجەنگن.

ب . بەڵام . هەر گرووپیٚ بەرپرسی پارستنو پاسەوانی ئەو بەشە لە شارن کە کەوتووەتە ڕووبەڕووی ئەوان.

٤٦. جولەکەکانی ئەوس هەمان مافیان هەیە کە پەیڕەوانی ئەم بەڵگەنامەیە هەیانەو پەیڕەوانی ئەم بەڵگەنامەیە بەبیٚ پەلامارو دەستدرێژیی بۆ سەر ئەوانیتر دەبیٚ پارێزگاریی لە وردترین خاڵەکانی بکەن.

هەرکەسیٚ کارێکی ناڕەوا ئەنجام بدات سزاکەی دەبینێتەوەو بە دڵنیایی خوا پارێزەری پارێزکارترین کەسانە و لەو کەسانە پشتیوانی دەکات کە بە باشترین شێوە بەپێی خاڵە هاتووەکانی ئەم دەستوورە کاربکەن.

٤٧. بە دڵنیایی ئەم دەستوورە (سند)ە لە کەسیٚ کە ستەمکارو پەیمان شکێنو دەستدرێژکار بێت پشتیوانی ناکات. هەرکەسیٚ لە شار بچێتە دەرەوەو هەرکەسیٚ لە مەدینە بمێنێتەوە، پەنادراوەو پارێزراو دەبێت، مەگەر کەسیٚ کە ستەم بکاتو بە پێچەوانەی خاڵە تۆمارکراوەکانی ئەم بڵاوکراوەیە کار بکاتو بە دڵنیایی یەکلاکەرەوە و ڕوون خودا پەنادەری کەسانێکە کە چاکەکاری بکەنە پیشەیانو پارێزکارترینو موحەممەدﷺ نێردراوی خودایە.

**وەرگێڕدراوی ئایەتەکانی " ١٠٤ ـ ١٠٥ " ی سورەتی نیساء:**

* بۆ باوەڕداران فەرمانێکی پێویستەو نابێ لە دواکەوتنیاندا سستی بکەن، ئەگەر ئێوە لەوان تووشی ئازار دەبن، ئەوانیش – هەروەکو ئێوە – لە ئێوە ئازار دەبینن، ئێوە بە لوتفی خودا هیوادارن، ئەوان (چونکە بێ باوەڕن بە خوا) هیوایەکیان نییەو خودا زانای کارزانە.

* (ئومێدواران) بێبەش ناکات. (ئەی پێغەمبەر) ئێمە بۆ تۆ ئەم قورئانەمان ناردووەتە خوار، کە هەرچی تێدایە ڕاستە، سا تۆ بە هۆی ئەم قورئانە – وەك خودا ڕێی نیشانداوی – لە نێو خەڵکیدا فەرمان بەڕێوە بەرەو بەکاریان ڕابگە خۆشت مەکە بە لایەنگری گزیکاران.

## ناوەڕۆك (ژمارەی لاپەڕەكان بە پێی كتێبە چاپكراوەكە )


پێشەكی وەرگێڕ ........................................................ ٣

پێشەكی وەرگێڕی فارسی ................................................ ٧

پێشەكی نووسەر ........................................................ ٨

دەستپێك ................................................................ ١١

شیكردنەوەولێكۆڵینەوەی ئەم بەڵگەنامەیە ............................ ١٩

گرنگی و ڕەسەنایەتی بەڵگەنامەكە .................................... ٣٤

وەرگێڕانی دەقی دەستووری دەوڵەتی ئیسلامی لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ دا ٣٦

وەرگێڕدراوی ئایەتەكانی " ١٠٤ . ١٠٥ " ی سورەتی نیساء ............... ٤٣

ناوەڕۆك ................................................................ ٤٤

## بڵاوکراوەکانی پرۆژەی (تیشک)

| زنجیرە | ناوی کتێب | نووسەر |
|---|---|---|
| ١ | بەئیسلامکردنی کورد، ماستەرنامە یان هەڵەنامە؟ | ن: فازل قەرەداغی |
| ٢ | نەزانیی و بێشەرمیی، بەشێك لە چەواشەکارییەکانی مەریوان هەڵەبجەیی لە کتێبی (سێکس و شەرع و ژن)دا | ن: عومەر کەمال دەروێش |
| ٣ | ئاشتینامە، وەلامێك بۆ (خوێننامە)ی زەردەشتی | ن: ئامینە صدیق |
| ٤ | فەتواکەی مەلای خەتێ، ئەفسانەی مێژوونووسێك | ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم |
| ٥ | صەلاحەددینی ئەییوبی، گەورەترلە رەخنەگرانی، گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن | ئا: ئارام عەلی سەعید |
| ٦ | بەرەو بەختیاری ئافرەت "بەرگی یەکەم" | جەمال حەبیبوڵلا "بێدار" |
| ٧ | ئازادیی رادەربڕین لە رۆژئاوا، لە سەلمان روشدییەوە بۆ رۆجیە گارودی | ن: د. شەریف عەبدولعەزیم<br>و: وەرزێر حەمەسەلیم |
| ٨ | بەجیهانیکردن، دیدێکی ئیسلامیی | ن: د. موحسین عەبدولحەمید<br>و: حەمەکەریم عەبدوڵلا |
| ٩ | کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا | ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم |
| ١٠ | بەرەو بەختیاری ئافرەت "بەرگی دووەم" | ن: جەمال حەبیبوڵلا "بێدار" |
| ١١ | مێژووی دێرینی کوردستان "بەرگی دووەم" | ن: فازل قەرەداغی |
| ١٢ | سەدەیەك تەمەنی نوورین، مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە | ئا: عەبدولدائیم مەعروف هەورامانی |
| ١٣ | دەوڵەتی خیلافەت، بوژاندنەوەی کۆمەڵگەو گەشەسەندنی شارستانییەت | ن: ئیکرام کەریم |
| ١٤ | لە سەرگوزشتەکانی ژیان، ئەدەبی گاڵتەوگەپ، روداوی مێژوویی، بیرەوەریی | ن: شێخ موحەممەد خاڵ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان<br>رامان و سەرنج و پێشنیار | ئا: پرۆژەی تیشک |
| ١٦ | بیست و سێ ساڵ سەروەریی | ن: ئەحمەد حاجی ڕەشید<br>دکتۆر صەباح بەرزنجی پێشەکی بۆ نووسیوە |
| ١٧ | قورئان وەحی ئاسمانە، نەک ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆی | ن: بەکر حەمەصدیق |
| ١٨ | ئیسلام و سیاسەت، لێکۆڵینەوەیەک لەمە ڕپەیوەندی نێوان ئیسلام و سیاسەت | ن: ئارام قادر |
| ١٩ | سوپای ئەییوبیان لە سەردەمی سەلاحەددیندا<br>پێکهاتنی، ڕێکخستنی، چەکەکانی، هێزی دەریایی و شەڕو جەنگە گرنگەکانی | ن: پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن<br>و: عوسمان عەلی قادر |
| ٢٠ | پوختەیەک دەربارەی ڕۆژوو | ن: عەبدوڕڕەحمان نەجمەدین |
| ٢١ | ڕۆڵی پرشنگداری زانا موسوڵمانەکان لە پێشکەوتنە زانستییەکاندا | ن: د. کاوە فەرەج سەعدون |